# گوڵی بیابان

واریس دیری

# گوڵی بیابان

نووسینی: واریس دیری
بە هاریکاریی: کاتلین میللەر / ١٩٩٨

وەرگێڕانی بۆ سویدی: ئێڤا ترێگۆرد
وەرگێڕانی لە سویدییەوە : زۆراب

سلێمانی / ٢٠٠٤

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم
کتێبی گیرفانی ژمارە ( ٤٤ )

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

# گوڵی بیابان

نووسینی: واریس دیری
وەرگێڕانی لەسویدییەوە: زۆراب
بابەت: رۆمان
بەڕێوەبەری هونەری: شیروان تۆفیق
مۆنتاژی کۆمپیوتەری: سەیران عەبدولرەحمان
هەڵەچن: هەوار شەریف
تیراژ: ٥٠٠ دانە
ژمارەی سپاردن : ٢١٩ی ٢٠٠٤

مافی لە چاپدانەوەی ئەم کتێبە بۆ دەزگای چاپ و
پەخشی سەردەم پارێزراوە

www.sardam.net
www.sardam.info

٦-٢-٢٠٠٣ بـــەفرێکی زۆر بـــاریوە. لـــە فڕۆکەخانـەی سـتۆکهۆڵمی نێودەوڵـەتی چاوەڕێی گەشـتێکم دەکـرد بـەرەو سـوریا و تـا لەوێشـەوە بگەڕێمـەوە بـۆ کوردسـتان. بـۆ؟ بێگومـان عێـراق چاوەڕێی شەڕی دەکرد و منیش هاوسەر و منالْ و دایکـم لـە سـلێمانی بـوون. لـە فڕۆکەخانەکـەدا دەهـاتم و دەچووم، هـەروا خـۆم کـرد بـەناو کتێـب فرۆشـییەکدا، شـتێك پـارەی سـویدیم پێمـابوو. سـەیری کتێبـەکانم دەکـرد، دانەیـەکیان سـەرنجی ڕاکێشـام. وێنـەی ژنێکـی ڕەش پێسـتی تیـا بـوو، دەمزانی فۆتۆمۆدیله! و سۆماڵییه!

کـــڕیم و لـــە فڕۆکەکـــەدا بـــەرە و ســـوریا خوێندمەوە، خوێندنەوەی ئاسان بوو، چونکە لە

شـێوەی بیرەوەریـدا نووسـرابوو، چـەند بەشـێکی کتێبەکە سەرنجیان ڕاکێشام.

دواتر ڕۆژێکیان لەگەڵ هاوڕێیەکی ئازیزمدا لـە سەرچـنار بـووین، ئـەو باسـی شـتێکی بـۆ کـردم و گوتی (کە ڕۆژێکیان میوانیان هەبووە،.. کچێ کـە تەمەنی لە سەروو دوانزە ساڵانەوەیە خۆبەخۆیی چـووە ئـاوی بـۆ میوانەکـە هێنـاوە، کەچـی کـابرا وەری نــەگرتووە و ســەیرێکی هاوڕێکــەی منــی کــردووە و پرســیویەتی ئــەرێ خەتەنــە کــراوە؟ هاوڕێکـەم حەپەسـاوە و پرسـیویەتی بـۆ؟ کـابرا گوتویـەتی گـەر نـەکراوە ئـاوی دەسـتی حەرامـە و نایخۆمەوە!).

دواتر بیرمکەوتـەوە کتێبەکە کە لـە فڕۆکەکەدا خوێندبوومــەوە یــەك دوو بەشــی ســەرنجیان ڕاکێشابووم، بۆیە بڕیارم دا ئەو بەشانە وەرگێڕم‌و پێشکەشـی بکـەم بـە هـەموو کیـژان و بـەو کیژۆڵـە نازدارەی ئاوەکەی گێڕا.

*　　*　*

## کورتەیەك:

**(واریس دایریی Waris Dirie)**

**لە سۆماڵ هاتۆتە دنیاوە. لە تەمەنی شەش ساڵیدا لە بیابانی سۆماڵدا شوانی بزن بووە، کە بووە بە دوانزە ساڵان نیاز بووە بە زۆر بیدەن بە پیاوێکی نەناسی شەست ساڵان. بەرەو موگادیشۆ هەڵاتووە و لەوێشەوە خۆی گەیاندووەتە لەندەن، لە لەندەن وەکو کارەکەری بێ کرێ ئیشی کردووە. پاشان جوانییەکەی پەی پێ براوە و بووە بە فۆتۆمۆدێل و هەموو جیهان بووەتە پێگەی کارکردنی.**

**ئێستا ئەو لە (وەیڵس) نیشتەجێیە و هێشتا وەکو مۆدێل کاردەکات، بەڵام کاتی سەرەکیی خۆی بۆ دامەزراوەی (دێزەرت دەون– Desert Dawn) تەرخان کردووە، کە کاردەکات بۆ گەڵاڵەکردنی ڕا لە دژی خەتەنەکردنی ژنان. ئەو خۆی بە منداڵیی، بە شێوازێکی زۆر نامرۆڤانە دووچاری ئەندام بڕین کراوە.**

* * *

# (بەشی (٤)ەمی کتێبەکە)

## بوون بە ژن

کاتی ئەوە هاتبوو (ئەمان)ی خوشکە گەورەم خەتەنە بکرێت. منیش وەکو خوشك و برا بچووکەکانم ئیرەییم دەبرد کە ئەو بەرەو جیهانی گەورەکان بەڕێوە بوو، ئەو جیهانەی هێشتا بە ڕووی مندا داخرابوو. ئەمان هەرزەکار بوو و زۆر لەوەش گەورەتر بوو کە تەمەنی ئاسایی خەتەنەکردن بوو، بەڵام تا ئەو ساتەوەختە هەلی لە باری بۆ نەڕەخسابوو. لە گەشتە هەمیشەییەکەماندا بە ناو ئەفریقادا، بە شێوازێك لە شێوازەکان، ئەو ژنە قەرەچییەمان لە کیس چووبوو کە ئەو سرووتەی ئەنجام دەدا. وەختێك باوکم دوای گەڕانێکی زۆر تووشی ببوو، لەگەڵ خۆیدا هێنابوویەوە بۆ ماڵ تا دوو خوشکە گەورەکەم، ئەمان و هەلیمو خەتەنە بکات. بەڵام کاتێك کە ژنەکە هات بۆ خێوەتگەکەمان (ئەمان) لە ماڵ نەبوو، چووبوو بە شوێن ئاودا بگەڕێت،

بۆیــە ژنــە قەرەچــییەکە تــەنیا هــەلیمۆی خەتەنــە نــەکردبوو. بــاوکم غــەم دایگرتبــوو لەبەرئــەوەی ئەمان وەختی شووکردنی بوو، بەڵام پێش ئەوەی (چــاربکرێت) باســی بــە شــوودانی چــی بکرێــت؟ بــیروڕای بــاو لــە ســۆماڵ ئەوەیــە کــە لــە نێــوان لنگەکانی کیژۆڵەدا شتێك هەیە بەدە، بەشی وا لـە لاشــە کــە پێــوەی لــەدایك دەبــین بــەلام ســەرباری ئەوەش پیسن. ئەم بەشانە پێویستە لێبکرێنـەوە، قیتکــە لێوەکــان دەبێــت بــبڕدرێن. پــاش بڕینەکــە، بڕینەکــە پێکــەوە دەدوردرێتــەوە و لــەو جێگەیــەدا کە پێشتر ڤاگینای لێبووە تەنیا زامێك دەبینرێت. هۆکاریی ڕاستەقینەی سرووتەکە هەر بە نادیاریی دەمێنێتــــەوە و هــــەرگیز بــــۆ کیژۆڵــــەکان ڕوون ناکرێتــەوە. کــە ڕۆژی خــۆی هــات ئــەوان هــەر ئەوەنــدە دەزانــن کــە شــتێکی زۆر تایبــەتییان لــیٚ ڕوودەدات.

لــــە ئــــەنجامی ئەمــــەدا هــــەموو کیژۆڵــــە سۆماڵییەکان بە تاسەوە چاوەڕێی ئەو سرووتەن کە سمبۆلە بۆ گۆڕانیان لە کیژۆڵەی بچکۆلەوە بۆ ئــافرەتی لاو. لــە بنچــینەدا ئــەم پرۆســەیە کاتێــك

ئـــەنجام دەدرا کـــە کیژەکـــە بـــاڵق دەبـــوو، وەکـــو سرووتیش جۆرێك لە مانای هەبوو چونکە کاتێك ئـــەنجام دەدرا کـــە کیژۆڵەکـــە بـــە کـــەڵکی زاووزێ دەهات و دەیتوانی منداڵی ببێت. بەڵام دواتر بە تێپـــەڕبوونی کـــات دەســـتکرا بـــە ئەنـــدام بڕینـــی کیژۆڵـەی منداڵتر و ئەمـەش تـا ڕادەیـەك لـە لایـەن کیژۆڵەکان خۆیانەوە داوای دەکرا، چونکە خۆیـان بەوپەڕی بێ سەبرییەوە چاوەڕێی "ئەو ڕۆژە زۆر تایبەتیـەیان" دەکـرد، بـە هـەمان تاسـەی منـاڵانی خۆرئاواوە کە چاوەڕێی ڕۆژی لەدایکبوونیان یـان چاوەڕێی هـاتنی بابانۆئیـل لـە ڕۆژی کریسمەسـدا دەکەن.

کاتێك بەرگوێم کەوت کـە پیرەژنـە قەرەچییەکە بـە نیـازە بێـت بۆئـەوەی ئـەمان خەتەنـە بکـات، منـیش هـەروەها خوازیـار بـووم خەتەنـە بکـرێم. ئـــەمان خوشـــکە گـــەورە جوانەکـــەم بـــوو، ئـــەو نموونەیە بوو کە چاوم لێدەکرد، هەر شتێك ئەو بۆ خۆی دەویست منیش خوازیار بووم بە دەستی بێنم. ڕۆژێ پـێش ئەو ڕووداوە مەزنـە زۆرم لەگـەڵ دایکم گوت لە هەمان کاتدا کە قوڵیم ڕادەپسکاند:

–دایە، بێگومان ئێمە هەردووکمان لە هەمان کاتدا دەتوانین بەو کارە هەڵسین! دایە، ڕێگەمان بدە سبەینێ هەردووکمان خەتەنە بکرێین!

دایکم ترنجاندمیە تەنیشتەوە:

–وس بە کیژۆڵە گچکە!

بێگومان (ئەمان) وەکو من ئارەزوومەند نەبوو. لە بیرمە لەبەرخۆیەوە بە منجەمنج گوتی:

–هیوادارم منیش بە دەردی هەلیمۆ نەچم!

من زۆر منداڵ بووم تا لە مانای ئەوە تێبگەم و، کاتێکیش داوام لە (ئەمان) کرد ئەوەم بۆ ڕوون بکاتەوە، ئەو تەنیا بابەتەکەی گۆڕیی.

کازیوەی ڕۆژی دواتر دایکم و ژنە دۆستەکەی، (ئەمان)یان لەگەڵ خۆیان برد بەو مەبەستەی ژنە ببینن تا خەتەنەکردنەکە ئەنجام بدات. وەك پیشەی ئاساییم پاڕامەوە لەگەڵیان بچم، بەڵام دایکم فرمانی پێدام لە ماڵ بمێنمەوە و ئاگاداریی منداڵە بچووکەکان بکەم، کەچی من بە دزییەوە، بە هەمان شێوەی جارێکی پێشووتر، ئەو جارەی کە دەچوو بۆ لای هاوڕێکانی، دوای دایکم کەوتم و لە پشت درەخت و بڕکە سەوزاییەوە خۆم مەڵا

سدا، به جۆرێك كه ماوەیەكی باش له نێوان من و گروپی ژنەكاندا هەبوو.

ژنــه قەرەچــییەكه گەیشــت. لــه كۆمەڵگەكــەی ئێمــەدا ئــەو وەكــو كەســێكی پایەبــەرز ســـەیر دەكرێت، نـەك هـەر لەبەرئـەوەی زانیـاری تایبـەتی هەیــه بــەڵكو لەبەرئــەوەش كــه بــه خەتەنــەكردن پارەیەكی باشیش پەیدا دەكات.

ئــــەم پرۆســــەیه یەكێكــــه لــــه گــــرانترین خەرجییـەكانی مـاڵ، بـەڵام سـەرباری ئـەوەش بـه چاوی پارەخستنەگەڕێكی پڕبایەخ سەیردەكرێت، چـونكه گـەر ئەمـه نـەبێت پێدەچـێت كچـەكان لـه شـووكردن بێبـەش بـن. گـەر ئەنـدامی زاو و زێیـان تۆكمـه و دەسـتلێنەدراو بێـت وەكـو نـەگونجاو بـۆ شوكردن سەیر دەكرێن. وەكو سۆزانیی پیس كه تەنانــەت هــیچ پیاوێــك بیریــش ناكاتــەوه بــه ژن قبوڵیـان بكـات. كەواتـه ژنـه قەرەچییەكه كـه بـەو نــاوه دەناســرێت، كەســایەتییەكی گرنگــه لــه كۆمەڵگەكەی ئێمەدا. بەڵام من به هۆی هەموو ئەو كیژۆڵانـەی لـەژێر دەسـتی ئـەودا مـردوون بـه "ژنـه سەربڕەكه" ناوی دەبەم.

له پشت درەختێکەوە سەیری پێشەوەم کرد و دیتم خوشکەکەم لەسەر زەوی دانیشت. پاشان دایکم و ژنە هاوڕێکەی شانیان گرت و نایانە ژێر. ژنە قەرەچییەکە کارێکی لە نێوان لنگەکانی خوشکمدا ئەنجام دا و کتوپڕ دەموچاوی (ئەمان)م بینی لەتاو ئازار پێچی خوارد. خوشکم لەش گەورە و بەهێز بوو، بۆیە کتوپڕ زرمەی لە ژنەی قەرەچی هەڵستاند.. قاچی بەرز کردەوە و لەقەیەکی سرەواندە سنگی و قەرەچیی بە پشتدا کەوت. دوای ئەوە خوشکم بە زۆر خۆی لە ژنەکان دەربازکرد کە بە توندی گرتبوویان و هەستایە سەرپێ و هەڵات. من کە زەندەقم چووبوو دیتم خوێن بە لاقەکانیدا دەهاتە خوارەوە و لە لمەکەدا بەو شوێنەدا کە ڕای دەکرد جێپێی خوێناویی بەجێ دەهێشت. هەموویان بە دویدا ڕایان کرد، (ئەمان) زۆر پێشیان کەوت تا ئەوکاتەی بورایەوە و لەسەر زەوییەکە لە هۆش خۆی چوو. ژنەکان لەو شوێنەدا کە کەوتبوو خستیانە سەر پشت و بەردەوام بوون لە کارەکەیاندا. منیش دڵم تێکچوو

و ئیتر نەمتوانی بەردەوام بم لە سەیرکردنیان و بەرەو ماڵ ڕامکرد.

ئێستە شتێکم بۆ دەرکەوت کە بە ڕاستی حەزم نەدەکرد بیزانم. تێنەگەیشتم چی ڕوویدابوو.. بەڵام خەیاڵ و بیرکردنەوە لەوەی کە خۆشم بە هەمان ئەزمون و وەزعدا تێدەپەڕم، زیرەی پێکردم. لەبەرئەوەی نەدەبوو من ئەو حاڵەتە ببینم، نەمتوانی لە بارەیەوە پرسیار لە دایکم بکەم. لە کاتی چاکبوونەوەدا ئەوان (ئەمان)یان لە منداڵەکانی تر جیاکردەوە، دوو ڕۆژ دواتر چووم بۆ لای تا ئاوی خواردنەوەی بدەمێ، لەسەر ئەژنۆ لە تەنیشتیەوە لەسەر چۆك دانیشتم و بە هێواشی پرسیم: "چۆن بوو؟"

لە وەڵامدا گوتی:

"ئاخ، چەند بە ئازار بوو!"

وا تێدەگەم پێی باشتر بوو ئەوەی بەسەری هاتبوو بۆ من باس نەکات، چونکە دەیزانی کە دەبوو منیش خەتەنە بکرێم و، بۆئەوەی نەمترسێنێت و بە پەرۆشەوە چاوەڕێی ئەو پرۆسەیە بکەم گوتی:

"بەهەرحاڵ، زۆری نەماوە تاکو نۆرەی تۆش دێت. کات ئەوەندە خێرا تێدەپەڕێت هەر ئەوەندە دەزانیت نۆرەتە!" حەزی نەکرد لەوە زۆرتر بڵێت.

لەو چرکەساتەوە لەو سرووتە زیڕەم کردبوو کە دەبوو پێیدا تێپەڕم بۆئەوەی ببم بە ژن. هەوڵم دا وێنە ترسێنەرەکان (حاڵەتە ترسێنەرەکان) بکەم بەژێر بەڕەوە و لە بیر خۆمی بەرمەوە، وردە وردە کە کاتیش تێپەڕیی ئەو ژان و ئازارەی لە سیمای خوشکەکەمدا دیبووم بیرەوەرییەکەی لە لام کاڵ بووەوە و ون بوو. لە دواییدا خۆم ڕازیی کرد، هەرچەندە ئەمە شتێکی سەیرە کە منیش خوازیار بم وەکو خوشکەکانم ببمە ژن.

یەکێك لە هاوڕێکانی باوکم و خێزانەکەی هەمیشە لەگەڵ ئێمەدا کۆچیان دەکرد.

ئەو پیرەمێردێکی نوزەکەر بوو، هەرکاتێکیش من و خوشکەکانم توڕەمان دەکرد بە چەپۆك وەکو ئەوەی مێش بکوژێت ڕاوی دەناین. لە تۆڵەدا بەوە توڕەی دەکردین کە بڵێ:

–بڕۆن لێرە، ئێوە کیژۆڵەی چکۆلەی ناپاکن، دوو کچی چکۆلەی سۆزانین، تەنانەت خەتەنەش نەکراون!

بە جۆرێك وشەکانی توڕەدایە دەرەوە کە بەوەی خەتەنە نەکرابووین وا نیشانبدات ئێمە هێند پیس و قێزەونین کە بە هەزارحاڵێك بەرگەی بینینمان دەگرێت. ئەم سوکایەتی پێکردنانەی وایلێکردم هێندە تووڕە ببم کە سوێند بخۆم شێوازێك، ڕێگەیەك بدۆزمەوە وای لێبکەم دەمە بەدەکەی داخات.

ئەم پیاوە کوڕێکی هەرزەکاری هەبوو بە ناوی (جەمە)، هەرچەند ئەم کوڕە هەمیشە پشتگوێی دەخستم کەچی من گیرۆدەی خۆشەویستی ببووم، بەلاّم جەمە ئارەزووی (ئەمان)ی دەکرد. بەرەبەرە وا تێگەیشتم، لەبەرئەوەی جەمە خوشکە گەورەکەمی لە من بەدڵتر بوو، دەبێت پەیوەندی بەوەوە هەبێت کە خوشکە گەورەکەم خەتەنە کرابوو، هەربۆیە لە من بالاّدەستر بوو، پێدەچێت جەمەش وەکو باوکی نەیەوێت ببەسترێتەوە بە کیژۆڵەی چکۆلەی (پیس)ەوە کە خەتەنە نەکراوە.

کە تەمەنم نزیکی پێنج ساڵان بوو چوومە لای دایکم و دەمەدەمم لەگەڵ کرد:

"دایە، ئەو ژنە بدۆزەرەوە، کەی دەیدۆزیتەوە؟"

لەبەر خۆمەوە بە خۆمم دەگوت: (من پێویستە ئەم کارە کۆتایی پێبهێنم، پێویستە ئەم شتە پڕ مەتەڵە لە دنیا دەرکەم). بەخت لەلای من بوو، چونکە تەنیا چەند ڕۆژێك دواتر ژنە قەرەچییەکە دووبارە دەرکەوتەوە.

ئیوارەیەك دایکم بۆی گێڕامەوە:

"ئەرێ بە ڕاست، باوکت ژنە قەرەچییەکەی دیوەتەوە، ئێمە چاوەڕێی دەکەین. هەر ئەوەندەت زانی ڕۆژێك لێرەیە!"

ئێوارەی پێش خەتەنەکردنەکە دایکم پێی گوتم کە نابێت شیر و ئاوی زۆر بخۆمەوە بۆئەوەی ناچار نەبم میز زۆر بکەم. من لە مانای ئەوە تێنەدەگەیشتم، کەچی پرسیارم نەکرد و تەنها سەری ڕەزامەندیم لەقاند. لە دڵەڕاوکێدا بووم، بەڵام بە بڕیارەوە دەمویست ئەوە ئەنجام بدەم و ڕزگارم بێت. ئەو ئێوارەیە هەمووان کەمێك لە

پێویست زیاتر دڵیان ڕاگرتم، خواردنی زۆرتریشم پێدرا. ئەوەی لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بینیبووم و وای کردبوو ئیرەیی بە خوشکە گەورەکانم ببەم ئەم نەریتە بوو. کەمێك پێش ئەوەی بچمە ناو جێگەوە و پاڵکەوم دایکم گوتی:

"سبەی کە کاتی خۆی هات بێدارت دەکەمەوە!" نازانم چۆن کاتی هاتنی ژنەی دەزانی، بەڵام دایکم هەمیشە لەو شتانە ئاگادار بوو. زۆر بە سادەیی بە هۆی مەزەنەی ئەقڵەوە هەستی پێدەکرد کاتێك یەکێك بیویستایە بێت، یان هەستی بەوە دەکرد کەی وەختی ڕوودانی شتێکە!

ئەو شەوە چاوم لێکنەنا و بە گرژییەوە چاوەڕێ بووم تاکو کتوپڕ دیم دایکم وەستاوە و خۆی بە سەرمدا دانەواندووە، هێشتا ئاسمان تاریك بوو، کەمێك پێش کازیوە بوو، لەو کاتەدا بوو کە بێ ئەوەی هەستی پێبکرێت تاریکاریی ڕۆشن دەبێتەوە و ڕەنگی خۆڵەمێشی وەردەگرێت. ئامارژەی پێدام کە بێدەنگ بم و دەستی گرتم، پەتۆ چکۆلەکەی خۆمم توند گرت و

بـه دوایـدا نیـوه خـەوتوو بـه سەرسـم لێدانـەوە ڕۆیشتم. ئێستا دەزانم بۆچی ئەوان بەو بەیانییە زووانــە کیژۆڵــەکانیان لەگــەڵ خۆیــان دەبــرد، دەیانـەوێت پـێش ئەوەی کەسی تـر بێـدار بێتـەوە کیژۆڵەکان قاش بکەن، بۆئەوەی گوێیـان لـە هاوار و قیـژەی کیژۆڵـەکان نـەبێت، کەچـی هەرچـەندە کاتێـك خەتەنـەکرام وێـڵ و سـەرگەردان بـووم، بـە تـەواوی بـەو جـۆرە هەڵسوکەوتم کـرد کـە پێیـان گوتبـووم، لـە کەپرەکـەمان دوورکەوتینـەوە بـەرەو ناو بێشەلانەکە ڕۆشتین.

دایکم گوتی: "دەبێت لێرەدا چاوەڕێ بکەین!" بـەو جـۆرە لەسـەر زەوییـە سـاردەکە دانیشـتین. لەسەرخۆ ئاسمان ڕۆشن بۆوە، بە ئاستەم توانیم چەند تارماییەك ببینم، زۆری پێنەچوو گوێم لـە دەنگی تەپـەی پێڵاوەکانی ژنـە قەرەچییەکە بوو. دایکم بە دەنگی بـەرز نـاوی ژنـەی گـوت و ئنجا پرسی:

(ئەرێ تۆ ئەویت؟)

ئنجا دەنگێك بیسترا کە گوتی:

(بەڵێ، لێرەم، لەم دوورەوەم).

بـەڵام مـن هێشـتا کەسـم نـەدەبینی. پاشـان کتوپڕ بێئەوەی بیبینم نزیك بێتەوە لێم، لە پاڵمدا وەستابوو. ئیشارەتی بۆ بەردێکی تەخت کرد و گوتی: "لەوێدا دانیشـە!" هیچ جۆرە گفتوگۆیـەك لـە ئـارادا نـەبوو، کـەس سـڵاوی نـەکرد. کـەس نەیپرسـی تەندروسـتیم چـۆنە؟ گـوێم لێنـەبوو بوترێـت کـە ئـەوەی ئـەمڕۆ ڕوودەدات ئـازاری زۆر زۆرە، لەبەرئـەوە دەبێـت کیژۆڵەیـەکی زیـرەك بم! نـەخێر "ژنـە سـەربڕەکە" بـە ڕاستی تـا ئەوپـەڕی توانا پیشەکار بوو.

دایکـم پارچـە ڕەگێکـی پیرەدارێکـی بـۆ خـۆی ڕاکێشـا و پاشـان منـی خسـتە سـەر بەردەکـە. لـە پشتمەوە دانیشت، سەرمی بۆ پشتەوە دانەواند و نـای بـە سینەیەوە و لاقـی ڕاسـت و چـەپی لەسـەر لاشەم دانا. بە باڵـەکانم باوەشـم کـرد بـە سمتیـدا، ئەویش کۆتەرەکەی خستە نێوان ددانەکانمـەوە و گوتی: (بە توندی قەپاڵی پێداکە!)

کاتێك کتـوپڕ مۆتەکـەی بیرەوەریـی سـیما پـڕ ئازارەکەی (ئەمان)م هاتەوە بیر زیڕەم کرد.

لەبەرخۆمەوە، کاتێك دارەکە لە دەممدا بوو، بە خۆمم گوت: (ئەمە ئازاری زۆر دەبێت!).

دایکم خۆی بەسەر سەرمدا نوشتاندەوە و گوتی (تۆ دەزانیت کە ناتوانم ڕاتگرم چونکە من بە تەنیام. بۆیە ئازیزەکەم هەوڵبدە کیژۆڵەیەکی زیرەك بیت! لەبەرخاتری دایکت ئازابە، بەو جۆرە خێرا تەواو دەبێت).

لە نێوان لنگەکانمەوە سەیرم کرد ژنە قەرەچییەکە خۆی ئامادە دەکرد. سەروو سیمای لە پیرەژنە سۆماڵییەکان دەچوو، پارچە قوماشێکی ڕەنگاوڕەنگی لە سەری ئالاندبوو، کراسێکی لۆکەی ڕەنگ جوانی لەبەردا بوو، بەڵام بێ بزە بوو. مۆڕەی لێدەکردم و لە نیگایدا شتێکی مردوو دەبینرا، پاشان دەستی کرد بە گەڕان و پشکنین لەنێو کوڵەپشتە کۆنەکەیدا. چاوم بڕیبووە بچوکترین جووڵەی، چونکە حەزم دەکرد ئەو شتە ببینم کە منی پێ لەت دەکرد. چاوەڕێم دەکرد چەقۆیەکی گەورە ببینم کەچی لە بری ئەوە کیسەیەکی پڕ لە لۆکەی دەرهێنا. دووبارە پەنجە درێژەکانی کرد بە کوڵە پشتەکەدا

و گوێزانێکی شکاوی دەرهێنا. بەوەی ئەم دیو و ئــەو دیــوی پێــدەکرد و دەیهێنــا و دەیــبرد، گوێزانەکەی دەپشکنی. تازە بە تازە خۆر بڵند ببوو و بەشی ئەوەی دەکرد هێند ڕووناک بێت تا ڕەنگ لە یەك جیابکرێتەوە، بەڵام وردەکارییەکان نەدەبینران. سەرباری ئەوەش چاوم لێبوو قەراغە کەلەکانی گوێزانەکە خوێنی وشك داپۆشیبوو. گوێزانەکــەی تــف بــاران کــرد و بــە قوماشــی کراســەکەی وشــکی کــردەوە. لــە کاتێکــدا ئــەو گوێزانەکــەی لــە کراســەکەی دەخشــاند و پــاکی دەکــردەوە بەرچــاوم بــە تــەواوی تاریــك داهــات، چونکە دایکم پارچە قوماشێکی لە چاوم ئاڵاند و کردی بە بەرچاو بۆم.

پێش ئەوەی بە خۆم بزانم ئەندامی زاووزێمی بڕی. گوێم لە خرمەی هێنان و بردنی گوێزانەکە بوو کە بە ناو پێستەکەمدا دەجووڵا، وەکو مشار دەیــبڕی. کاتێــك کــە بــەرەو دوا بیردەکەمــەوە باوەڕناکەم ئەوە لە ڕاستیدا لە من ڕووی دابێت، وا هەست دەکەم کە باسی کەسێکی تر دەکەم. لە

دنیادا هێزێك نییه وام لێبكات بتوانم باسی بكەم كه بڕدرام هەستم به چی كرد.

وەكو ئەوە وایه كەسێك گۆشتی ڕانت ببڕێت و لێیبكاتەوە، یان باڵێكت بقرتێنێت، سەرباری ئەوەی خەتەنەكردن پەیوەندی به بڕینی هەستیارترین بەشەكانی لەشەوە هەیە. كەچی یەك ملیمەتریش نەجوڵام چونكه (ئەمان)م لەبیر بوو، دەمزانی به هیچ جۆرێك دەرفەتی هەڵاتنم نییه. تەنیا هەوڵم دەدا دایكم شانازیم پێوە بكات، بۆیه لەوێدا وەكو بەرد كەوتبووم و باوەڕم به خۆم هێنابوو كه هەتا زیاتر جووڵه بكەم ئەشكەنجەدانەكە زیاتر درێژە دەكێشێت. بە داخەوە لاقەكانم له خۆیانەوە كەوتنه لەرزە. به بێ ئەوەی بتوانم بەسەریاندا زاڵ بم دەلەرزین، بۆیه پاڕامەوە: (خوایه گیان زوو ڕزگارم كە!) هەرواش بوو، چونكه هەر لەوكاتەدا له هۆش خۆم چووم.

كه دووبارە بێداربوومەوە وامزانی تەواو بووین، بەڵام حاڵەته هەرە خراپەكە ئێستا دەستی پێكردبوو. ئیتر چاوپۆشەكەیان لابردبووم و بینیم "ژنه خوێنڕێژەكە" باوەشێكی بەرز دڕكی لە

درەختی ئەکاسی (akacia) کۆکردبووەوە. بۆئەوە بە کاری دەهێنا کون بکاتە پێستەکەمەوە، پاشان دەزوویەکی ئەستوری سپی بەناو کونەکەدا دەبرد بۆئەوەی پێکەوەم بنوسێنێتەوە. لاقم هەستی تێدا نەمابوو، بەڵام ژان و ئازاری نێوان لنگەکانم ئەوەندە بەهێز بوو حەزم دەکرد بمرم و ڕزگارم بێت. هەستم کرد کە چۆن بە لەقەلەق لەسەر زەوی بڵند بووم، کە ئازارەکەم لە دوای خۆم بەجێهێشت و چەند مەترێك بەرزتر لە سەروو ئەوەی کە ڕوویدابوو بە دەوری خۆمدا دەسوڕامەوە و سەیری خوارەوەشم دەکرد، دیتم کە چۆن ژنەکە لاشەمی پێکەوە دەدورییەوە و دایکە بەدبەختەکەشمم بینی کە دەستەکانی خۆی تێئالاندبووم بۆئەوەی نەکەوم. لەو چرکەساتەدا هەستم بە ئارامییەکی تەواو کرد، ئیتر ترس و دڵەڕاوکێم نەما.

لەو ساتەوە هیچم لە یاد نییە، تەنیا ئەوەم لە یادە کە چاوم کردەوە و دیتم ژنەکە ڕۆیشتبوو. ئەوان منیان گواستبووەوە و لەسەر زەوی لە نزیك بەردەکە کەوتبووم. لاقەکانم بە پارچە پەڕۆ

پێکەوە بەسترابوون، پەڕۆکە لە پاژنەمەوە تاکو سمتم تێم ئاڵێنرابوو بۆئەوەی نەتوانم بجوڵێمەوە. بە دوای دایکمدا چاوم گێڕا بەڵام ئەویش ڕۆیشتبوو. لەوێدا بە تەواوی تەنیا ڕاکشابووم و بیرم دەکردەوە دەبێت دوای ئەوە چی ڕووبدات! ڕووم بەرەو بەردەکە وەرگێڕا، ئەویش وەکو ئەوەی ئاژەڵێکی لەسەر سەربڕدرابێت خەڵتانی خوێن ببوو. چەند پارچەیەك لە گۆشتەکەم، ئەندامەکانی میز و زاووزێم لەوێدا کەوتبوون و لەبەر خۆرەکەدا وشك دەبوونەوە و قرچەیان دەهات.

لەوێدا کەوتبووم و بینیم خۆر بەرەو کەشکەلانی ئاسمان بەرزبۆتەوە. لە نزیکمەوە بە هیچ جۆرێك سێبەری لێنەبوو، گەرماکەش وەکو شەپۆل بەر دەموچاوم دەکەوت و دەیبرژاند تا ئەوکاتەی دایکم و خوشکەکەم هاتنەوە بۆ لام. ڕایانکێشامە ژێر سێبەری بڕکە درەختێکەوە و خەریکی چاککردن و ئامادەکردنی درەختەکە بوون، ئەمە نەریتێکی کۆنە، کەپرۆلکەیەك لە بن درەختێکدا ڕێکخرا. دەبوو بۆ چەند هەفتەیەك

لەوێدا بحەوێمەوە و هێزم بە بەردا بێتەوە تا چاك دەبمەوە. کە دایکم و (ئەمان) تەواو بوون هەڵیان گرتم و بردمیانە ناو کەپرەکە.

تا ئەوکاتەی پێویستم بەوە بوو میز بکەم وامدەزانی ژان و ئازارەکان بەسەر چوون، ئەوکاتە لە ئامۆژگارییەکەی دایکم تێگەیشتم کە بۆچی نەدەبوو ئاو و شیر زۆر بخۆمەوە.

پاش چاوەڕوانکردنێکی چەند کاژێری ئەوەندە میزم دەهات کە لەو باوەڕەدا بووم دەمرم، بەڵام بەوەی لاقەکانم پێکەوە بەسترابوون نەمتوانی جوڵە بکەم. دایکم پێی گوتبووم کە نابێت بڕۆم، بۆئەوەی نەکولێمەوە. گەر برینەکە بپچڕێت دەبێت دووبارە پێکەوەی بدورنەوە. باوەڕم پێ بکە، دواشت کە خوازیاری بووم ئەوە بوو.

بانگم لە خوشکەکەم کرد: "پێویستە میز بکەم!" دەربڕینی سیمای دەموچاوی پێی گوتم کە ئەوە شتێکی باش نەبوو. هات و پاڵی پێوە نام و خستمیە سەر لایەك، ئنجا لمەکەی لادا و چاڵێکی گچکەی تێدا هەڵکەند و گوتی: دەی!

دڵــۆپی یەکــەم هــات و وەکــو ئــەوە وابــوو ترشەڵۆك برینەکە هەڵقرچێنێت. دوای ئەوەی ژنە قەرەچییەکە پێکەوەی دووریمەوە تەنیا کونێکی زۆر بچـوك مـابوەوە، چـەقی کونەکـە تـەنیا بـە بارستایی سەری دەنکە شقارتەیەك دەبوو. ئەوە تەنیا کونێك بوو کە میز و خوێنی عادەبوونی لێ بێتـە دەرەوە. ئەمـە ستراتیجییەکی بەهێز بوو بۆ ئـەوەی پـێش ئـەوەی شـوو بکـەم نـەتوانم سێکس ئـەنجام بـدەم، بۆئـەوەی پیاوەکـەم لـە پـاکیزەییم دڵنیـا بێـت. لـە کاتێکـدا میـز لـەناو برینـە خـوێن تێزاوەکەمدا کۆدەبووەوە و هێدی هێدی بە لاقمدا دەچۆڕایەوە و دڵـۆپ لـە دوای دڵـۆپ دەڕژایـە نێـو لمەکــەوە، دەســتم کــرد بــە نــوزە نــوز. تەنانــەت کاتێکیش کە ژنە قەرەچییەکە (سەربڕەکە) ئەیبڕیم نـەگریام، بـەڵام ئێسـتا ئەوەنـدە دەکزایـەوە کـە نەمتوانی خۆم ڕاگرم.

بـۆ ئێوارەکـەی کـە تاریـك داهـات، دایکـم و (ئـەمان) چـوونەوە بـۆ ماڵـەوە و منـیش بـە تـەنیا لەناو کەپرەکەدا مامەوە، کەچی ئەمجارەیان نە لە تـاریکی، نـە لـە شـێر و نـە لـە مـار دەترسـام،

هەرچەند لەوێدا بە تەنیا و بێ یارمەتی کەس و بەبێ ئەوەی توانای هەڵاتنم هەبێت کەوتبووم. هەر لەو چرکەساتەوە کە لە لاشەم دەرچووم و بە فڕین بەسەر سەرمەوە سەیری ژنەکەم دەکرد کە خەریکی دوورینەوەی ئەندامی میز و زاووزێم بوو لە هیچ شتێك نەترساوم. تەنیا لەوێدا لەسەر زەوییەکە کەوتبووم و ژان و ئازار ئیفلیجی کردبووم و گوێم نەدەدا بەوەی دەژیم یان نا. تا کەمترین ڕادەش گوێم نەدەدا بەوەی ئەوانی تر لە ماڵەوە لە دەوری ئاگردانەکە دانیشتبوون و پێدەکەنیبوون لە کاتێکدا کە من بە تەنیا لە تاریکارییەکەدا پاڵ کەوتبووم.

لە کاتێکدا ڕۆژەکان بەخشکەیی ڕادەبوران و منیش لە کەپرەکەمدا کەوتبووم، برینەکەم هەوی دەکرد و پلەی گەرمای لەشم بەرز دەبووەوە، جارجارەش لە هۆش خۆم دەچووم.

لەبەرئەوەی لە ئازاری کاتی میزکردن دەترسام، تا ئەوپەڕی توانا خۆمم ڕادەگرت و میزم نەدەکرد، تا ئەوەی دایکم گوتی: (هاوڕێی چکۆلە، گەر میزەکەت نەکەیت دەمریت!)، ئەوجا

زۆرم لـه خـۆم كـرد و میـزم كـرد. گـەر بمویسـتایە میـز بكـەم و كەسـم لـە نزیـك نەبوایـە كـەمێك خـۆم دەگواسـتەوە و دەكەوتمـە سـەر لا و خـۆم ئامـادە دەكـرد بـۆ ئـەو ئـازارە سـوتێنەرەی كـە دەمزانـی لەگـەڵ میزكردنەكـەدا دێـت. ماوەیـەك برینەكـەم ئەوەنـدە پـیس ببـوو و هـەوی كردبـوو كـە بـە هـیچ جۆرێك نەمدەتوانی میز بكەم. دوو هەفتـەی دواتـر دایكم بە خواردن و ئاوەوە هات ، ئەگینا لەوێدا بە تـــــەنیا كــــــەوتبووم و لاقـــــەكانم پێكـــــــەوە بەسترابوونەوەو چاوەڕێی ئـەوەم دەكـرد برینەكـەم چاك ببێتـەوە. لەوێـدا كـە بـە (تـا)وە، بێـزار و بـێ ئـارەزوو و بـێ زەوق كـەوتبووم هیچـی تـرم نـەبوو پێـــوەی خـــەریك بم تـــەنیا ئـــەوە نـــەبێت كـــە بیربكەمەوە، بۆچی؟ ئەمە چ سودێكی هـەبوو؟ لـەو كاتەدا لە بارەی سێكسەوە هیچم نـەدەزانی. تـەنیا شـتێك كـە لێـی تێدەگەیشـتم ئـەوە بـوو كـە بـە ڕەزامەنـــدی دایكـــم "كەللەپاچـــە" كرابـــووم و تێشنەدەگەیشتم بۆچی!

دواجـار ئـیتر بـۆ خۆشـبەختی دایكـم هـات بۆئـەوەی بمباتـەوە و منـیش لاقـەكانم بـە دوای

خۆمــــدا ڕادەکێشـــا، هێشـــتا قاچـــم پێکـــەوە پێچرابوون. یەکەم شەو لە ماڵەوە لە کەپرەکەی خێزانەکەمان دا باوکم لێی پرسیم.

"هەست بە چی دەکەیت؟" وابزانم مەبەستی لەوە بوو جێگەی ئێستام کە بوومەتە ژن چۆن بوو! تەنیا شتێك کە بیری قاڵ کردبووم ئازاری نێوان لنگەکانم بوو.

لەبەرئەوەی تەمەنم لە پێنج ساڵ زۆرتر نەبوو تەنیا بزەیەکم نیشان دا و هیچم نەگوت. لە بارەی ژنێتییەوە چەندم دەزانی؟ بێ ئەوەی ئەوکاتە لەوە تێبگەم کەچی لە بارەی ژنێتییەوە لە ئەفەریقا زۆرم دەزانــی. دەمزانــی وەکــو منــداڵێکی ناچـالاکی بــێ دەرەتان بە بێ دەنگی موعانات بچێژم.

بۆئەوەی برینەکەم ساڕێژ ببێت. زیاتر لە یەك مانگ لاقەکانم پێکەوە گرێدرابوون. دایکم هەمیشە ئاگاداری دەکردمەوە کە ڕانەکەم و بازنەدەم، بۆیە بە وریاییەوە ڕێگەم دەکرد. بە هۆی ئەوەی من هەمیشە چالاك ببووم و خاوەن وزە ببووم و هەمیشە وەکو پڵنگ ڕامکردبوو و، بە درەختدا هەڵزنابووم و بەسەر بەرددا قەڵەمبازم دابوو، ئا ئەمە دووبارە جۆرێك بوو

لە ئەشکەنجە بۆ کیژۆڵەیەکی چکۆلە.. بەوەی ناچار بم لەوێدا بێ جووڵە دانیشم و خوشك و براکانم لەبەرچاوم یاری بکەن. بەڵام ئەوەندە دەترسام کە جارێکی تر دووبارە دووچاری ئەو دوورینەوەیە ببمەوە، نەمدەوێرا تەنانەت یەك ملیمەتریش بجوڵێمەوە. هەموو هەفتەیەك دایکم چاوی بە برینەکەدا دەگێڕا تاکو بزانێت ئایا بە باشی ساڕێژ دەبێتەوە. کاتێك قوماشەکە کە قاچمی پێکەوە جووت کردبوو لێکرایەوە ئەوسا توانیم دووبارە سەیری خۆم بکەمەوە.

پارچەیەك پێستی تەواو تەختم بینی کە درزێکی بچکۆلەی لە برینی چاکەوەبووی لە ناوەڕاستدا بوو، کە لە زنجیری پانتۆڵ دەچوو. ئەو زنجیرەش بە ڕاستی داخرابوو. دەعباکەم وا داخرابوو لە شورایەکی خشت دەچوو و کە هیچ پیاوێك نەتوانێ بچێتەوە ناوییەوە، پێش شەوی زەماوەندەکەم، ئەوکاتەی کە پیاوەکەم یان دەبێت بە چەقۆیەك هەڵم دڕێت یان بە زۆر خۆی بخزێنێتە ناومەوە.

هـەر کـە تـوانیم بـە ڕێگـەدا بـڕۆم ئـەرکێکم کـە پێویسـت بـوو جێبـەجێی بکـەم. هـەموو ڕۆژێـك لـە دوای ئەوەی پیرەژنەکە "کەللەپاچە"ی کردم بیرم لێکردبوەوە. ئەرکەکـەم ئـەوە بـوو بچـمەوە بـۆ لای ئەو بـەردەی لـە سـەری کرابوومـە قوربـانی و ببیـنم بـزانم پارچـە گۆشـتەکانی جنسـم هێشـتا لـەوێ مابوون. بەڵام لـەوێ نـەمابوون، گومـانی تێـدا نییـە کە داڵە کەرخۆرە یان چەقەڵ خواردبوونی. ئەمانـە پیسـخۆری بازنـەی ژیـنن لـە ئەفـەریقا. ئـەرکیان ئەوەیـە گیانـەوەری تۆپیـو و مـردو و گسـك لـێ بدەن، ئەمە بەڵگەی سەختیی ژیانمانە لە بیابان.

هەرچـەندە دوای خەتەنـە کردنەکـە دووچـاری گیروگرفتی پڕ ژان بووم بـەڵام بـەختم هـەبوو، بۆی هـــەبوو زۆر خـــراپ بشـــکێتەوە، هـــەروەك چـــۆن زۆربەی کات کیژۆڵـەکانی تـر دووچاری دەبـوون و لەناو دەچوون.

لـــە گەشـــتەکانماندا بـــەناو ســـۆماڵدا تووشـــی خێزانـی تـر دەبـووین و لەگـەڵ کچـەکانیاندا یـاریم دەکـرد، کـە جاری دواتـر سـەردانم دەکـردن کچـەکان بـێ سەروشـوێن بـوون. کـەس ڕاسـتی ئـەوەی بـاس

نەدەکرد کە بۆچی لەبەرچاو نەماون، بە هیچ جۆرێك کەس باسی نەدەکردن. بە هۆی ئەندام بڕینیانەوە دوای خوێنبەربوون، شۆك، یان هەوکردن و ژەنگاوی بوون مردوون. ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەلومەرجەی خەتەنەکردنەکانی تێدا ئەنجام دەدرێت سەرسامکەر نییە. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەی کە تەنانەت تاکە کەسێکیش لە مردن دەرباز ببێت.

لە بارەی (هەلیمۆ)ی خوشکمەوە تەنیا بیرەوەریی لاوازم هەیە. سێ ساڵان بووم لە بیرمە، ئەو لەنێوماندابوو کەچی دواتر کتوپڕ ون بوو، بەڵام تێنەگەیشتم چی بەسەر هاتبوو. لە دواییدا زانیم کە "چرکەساتە تایبەتییەکەی" هاتبوو، ژنە قەرەچییەکە خەتەنەی کردبوو، ئەوەندە خوێنی لێ ڕۆیشتبوو مردبوو.

لە تەمەنی دە ساڵیدا بۆیان باسکردم ئامۆزاکەم کە لە خۆم منداڵتر بوو چی بەسەرهاتبوو. ئەو کە تەمەنی شەش ساڵان بوو خەتەنە کرابوو، دوای ئەوە برایەکی هاتبوو لای ئێمە بژی و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕاینەوە. ژنێك

**هاتبوو و خەتەنەی کردبوو، پاشان خستبوویانە ناو کەپرێکەوە بە مەبەستی ئەوەی چاك ببێتەوە.**

**بەلام وەکو ئەو ناوی دەنا، (شتەکە)ی ئاوسابوو و بۆگەنی ناو کەپرەکەش کەس خۆی لەبەردا ڕانەگرتبوو. ئەوکاتەی کە باسی ئەمەی کرد باوەڕم پێ نەکرد. بۆچی دەبوو بۆگەنی هێند ناخۆش بێت؟ خۆ ئەوە لە من و لە (ئەمان) ڕووی نەدابوو. ئێستا دەزانم کە ڕاستی گوت. لەبەرئەوەی پرۆسەی ئەندام بڕینەکە لەناو دارستانە چڕەکەدا لە هەلومەرجێکی زۆر ناتەندروستدا ئەنجامدرابوو برینەکەی هەوی کردبوو، ئەو بۆگەنە ناخۆشە نیشانەی گانگرین (خانەمردن) بوو. بەیانییەك دایکیان هاتبوو تا سەیری کچەکە بکات، کە وەکو باو بوو بە تەنیا لە کەپرەکەدا شەوی بەسەر بردبوو، دایکە کیژۆڵەکەی بە مردوویی دیبووەوە، لاشەی سارد و شین هەڵگەڕاو. بەلام پێش ئەوەی ئاژەڵەکان فریای گسکدانی ئەو بەڵگە دۆشداهێنەرە بکەون، تەرمەکەی لە لایەن خێزانەکەیەوە نێژرا.**

* * *

# بەشی (١٢)ی کتێبەکە

## پزیشکەکان

ئەوکاتەی کە هێشتا هەر لە (YMCA) دەژیام، پاشنیوەڕۆیەك لە قاتی خوارەوە لە مەلەوانگەکە بووم و مەلەم دەکرد. کە لێبوومەوە لە ژووری خۆگۆڕین خۆم لەبەرکردەوە و کەوتمەڕێ بچمە سەرەوە گوێم لێبوو یەکێك لە ناوەوەی قاوەخانە چکۆلەکەوە بانگی کردم، کوڕێك بوو دەمناسی و لەوێ دەژیا. ناوی ویلیام (William) بوو، بە دەستی ئاماژەی بۆ کردم بچمە ژوورەوە.. گوتی:

"واریس، دانیشە! فەرموو شتێك بخۆ!"

ویلیام خەریکی خواردنی سەندویچێکی پەنیر بوو، منیش گوتم: (ئەرێ، منیش دانەیەکی وەکو ئەوە دەخۆم، سوپاس!)

تا ئەوکاتە ئینگلیزییەکەم خراپ بوو، بەڵام تا ڕادەیەك تێگەیشتم گوتی چی. لە کاتێکدا خەریکی خواردن بووین لێی پرسیم ئایا حەزدەکەم بچم بۆ سینەما. ئەمە یەکەم جار نەبوو دەعوەتی دەرەوەی دەکردم.

ویلیام گەنج، قۆز و سپی پێست بوو. هەمیشە دۆستانە و میهرەبان بوو. ئەو لەسەر قسەکردن بەردەوام بوو بەڵام ئیتر گوێم لێنەبوو چی گوت. لەبری ئەوە دانیشتبووم و چاوم تێبڕیبوو، لە کاتێکدا مێشکم تا ئەوپەڕی توانا سەرقاڵی بیرکردنەوە بوو سەیری جووڵەی لێوەکانیم دەکرد. بیرم کردەوە:

بڕۆ لەگەڵیدا بۆ سینەما
گەر دەیزانی من وەزعم چۆن بوو!
ئای، چەند خۆش دەبوو دەزگیرانم هەبووایە
چەند نایاب دەبوو
کەسێکم هەبووایە لەگەڵی بدوێم
کەسێك خۆشی بویستمایە
بەڵام ئەگەر لەگەڵی بچم بۆ سینەما
هەوڵ دەدات ماچم بکات
پاشان حەزدەکات لەگەڵم بخەوێت گەر بەوەش ڕازی ببم،
بۆی دەردەکەوێت کە من وەکو
کیژۆڵەکانی تر نیم..
دۆش داماوم

یانی گەر بڵێم نەخێر
لێم تووڕە دەبێت و دەبێتە شەڕمان
لەگەڵی مەچۆ
ئەمە ئەوە ناهێنێت دڵ بەبار بین
بڵێ نەخێر
گەر بزانێت کێم و چۆنم، تێدەگات
کە شتەکە پەیوەندی بە ئەوەوە نییە
بزەیەکم نیشان دا و سەرم لەقاند:
"نا، سوپاست ئەکەم، ئەم ماوەیە کارم زۆرە".

هەروەك چاوەڕێم دەکرد ڕوخساری دڵکشاویم بینی، بە شان هەڵتەکاندنێك بە خۆشم و ئەویشم گوت: من ناتوانم هیچ بۆ ئەو مەسەلەیە بکەم!

ئەم گیروگرفتە وەختێك دەستی پێکرد کە گواستمەوە بۆ (یومکا). کاتێك لەگەڵ خزمەکانم دەژیام هەرگیز بە تەنیا لەگەڵ پیاوی بێگانەدا خۆم نەدیبوەوە. پیاوێك کە سەردانی ماڵەوەمان (دایك و باوکم)ی کرد یان سەردانی پورە (سەحر و)م یان خاڵە (محەمەد)می کرد، لە کلتوری ئێمە شارەزا بوو، بۆیە دەعوەتی دەرەوەی نەکردم، چونکە گەر شتی وای بکردایە ڕووبەڕووی هەموو

خێزان و کەس و کارەکەم دەبووەوە. لەو کاتەوەی خێزانەکەی خاڵم جێهێشتبوو بە تەنیا ژیابووم. بۆ یەکەمجار ناچار بووم بە تەنیا خۆم ئەم جۆرە هەلومەرجە ڕاپەڕێنم. (یومکا–YMCA) پڕ بوو لە پیاوی گەنجی بێ ژن.

کاتێک لەگەڵ (هالۆ– Halwa) چووم بۆ دیسکۆتێك گەلێك پیاوم بینی. کاتێکیش وەکو بەرگ نیشاندەر کارم کرد پیاوی زۆرترم ناسی و بینی.

دڵم نەچووە سەر کەسیان. هەرگیز بە خەیاڵمدا نەهاتبوو لەگەڵ پیاوێکدا بخەوم، بەلام بە داخەوە، ئەزموونی ناخۆشم بینی و، بە پێی ئەو ئەزموونە زۆریان هەوڵیان دا ڕازیم بکەن لەگەڵیان بخەوم. هەرچەند هەمیشە بیرم کردۆتەوە، بەلام نەموێراوە بیهێنمە بەرچاوی خۆم کە گەر خەتەنە نەکرامایە وەزعم چۆن دەبوو. من پیاوانم خۆش دەوێت و کەسێکی بەوەفا و هەست ناسکم. ئێستا شەش ساڵ بەسەر هەڵهاتن و دەربازبوونم دا لە دەست باوکم تێپەڕیوە و تەنیایی بارێکی گرانە بۆم، بیری ماڵەوە دەکەم.

هیوادار بووم ڕۆژێك پیاوێك بدۆزمەوە و خێزان پێکبهێنم. بەڵام لەبەرئەوەی پێکەوە دوورابوومەوە ڕێی تێنەدەچوو پەیوەندیم لەگەڵ کەسێکدا هەبێت و لەگەڵی بژیم، بۆیە هەر خۆمم دەخواردەوە. وەکو ئەوە وابوو دەزووەکە (تەقەڵەکان) ڕێگر بێت لەبەر ئەوەدا پیاوێك بتوانێت بچێتە ناومەوە. ئەم هاتنە ناوەوەیەش جەستەیی یان سۆزداریی بێت.

ئەو کێشەیەی تر کە ڕێی لێدەگرتم پەیوەندیم لەگەڵ پیاودا هەبێت ئەوە بوو کە بۆم دەرکەوتبوو من لە ژنانی تر جیاواز بووم، بە تایبەتی لە ژنە ئینگلیزەکان.

دوای ئەوەی هاتم بۆ لەندەن بۆم دەرکەوت کە هەموو ژنان وەکو من دووچاری خەتەنەکردن نەبوون. کاتێك لەگەڵ خاڵۆزاکانم دەژیام لە لای خاڵە (محمد)م، جارجار پێکەوە لەگەڵ کیژۆڵەکانی تردا دەچوومە حەمامەوە، توشی سەرسوڕمان بووم کە دیم ئەوان دەتوانن بە خێرایی و بەپەلە میز بکەن، لە کاتێکدا کە بۆ من نزیکەی دە خولەکی پێدەچوو. ئەو کونە

بچکۆلەیەی ژنە خەتەنەکەرەکە هێشتبوویەوە وای دەکرد تەنها یەك دڵۆپ بێتە دەرەوە، واتە جاری دڵۆپێك. دەیانپرسی: (واریس بۆچی وا میز دەکەیت، گرفتت چییە؟) وای بۆ دەچووم کە ئەوانیش وەختێك دەگەڕانەوە بۆ سۆماڵ دەبوو خەتەنە بکرێن، بۆیە لە وەڵامدا هەر پێدەکەنیم و لە بیر خۆمم دەبردەوە.

بەڵام عادەکانم (خوێن هاتنم) شتێك نەبوون پێی پێبکەنرێت. هەر لە سەرەتای یەکەمەوە، کاتێك یانزە یان دوانزە ساڵ بووم، خوێن هاتنم مۆتەکەیەك بوو بۆم. ڕۆژێك دەستی پێکرد کە شوانیی مەڕ و بزنەکانم دەکرد. ڕۆژێکی تا بڵێی گەرم بوو و من لەژێر درەختێکدا دانیشتبووم. هەستم بە بێ زەوقی دەکرد، نەك تەنیا بە هۆی گەرماکەوە، بەڵکو بە هۆی ئازاری سکیشمەوە. لە خۆم دەپرسی: ئەم ئازارە چییە؟ تۆ بڵێیت سکم پڕ بێت؟ مندالم دەبێت؟ بەلام خۆ لەگەڵ هیچ پیاوێکدا نەبووم! سەرباری ئەوەش تۆ بڵێیت سك پڕ بم؟ فشاری زگم جار لە دوای جار زۆرتر دەبوو، ئەرێ تۆ بڵێی سەرباری ئەوەش زگ پڕ

ببم؟ نزیکەی کاژێرێك دواتر کە دەبوو میز بکەم، بینیم خوێن هات. وامدەزانی خەریکە بمرم.

ئاژەڵەکانم جێهێشت بلەوەڕن و بە پەلە بەرەو ماڵ ڕامکرد. بە گریان و قیژەقیژەوە بۆ لای دایکم ڕامکرد: "خەریکە دەمرم! دایە خەریکە دەمرم!".

-گوتی: "باسی چی دەکەیت!"

-دایە خوێن دادەنێم. من دەمرم!

بە گرژییەوە سەیری کردم:

-نەخێر، تۆ نامریت!

ئەمە شتێکی ئاساییە، تۆ عادەت بۆ هاتووە. (هەرگیز باسی عادەم بەرگوێ نەکەوتبوو. هیچم لە بارەوە نەدەزانی).

گوتم: تکایە بۆم ڕوونبکەرەوە ئەمە مانای چییە! باسی چی دەکەیت؟

لە کاتێکدا کە لە ئازاردا خولم دەخوارد و دەستم بە زگمەوە گرتبوو، دایکم بۆی ڕوون دەکردمەوە.

من گوتم:

-بەڵام چۆن کۆتایی بەم شتە خراپە بهێنم؟ دەزانیت، وا هەست دەکەم کە خەریکە بمرم!

–واریس تۆ ناتوانیت هیچ بکەیت. زۆر بە سادەیی دەبێت خۆڕاگر بیت. دەبێت چاوەڕێ بکەیت تا خۆی بەسەردەچێت.

ئامادە نەبووم ئەو چارەسەرە بۆ گیروگرفتەکەم قبووڵ بکەم. هەوڵم دا شتێك بدۆزمەوە ژانەکانم کەم کاتەوە، بۆیە گەڕامەوە بۆ بیابان و لەژێر درەختێکدا دەستم کرد بە هەڵکەندنی چاڵێك جوڵەکردن هەستی باشی پێدەدام و بێجگە لە ئازارەکە شتێکی تری پێ بەخشیم بیری لێ بکەمەوە. بە هۆی چیلکەیەکەوە پەیتاپەیتا چاڵم هەڵدەکەند، تا ئەوەی چاڵێکی وام هەڵکەندبوو کە بەشی خوارەوەی لاشەمی تیا بشارمەوە. پاشان خۆم هەڵدایە چاڵەکەوە و خۆمم بە خۆڵ داپۆشی. لەژێر ڕووکەشی زەوییەکەدا فێنکتر بوو، وەکو ڕووکەشی سەهۆڵ بوو، لەوێدا لەوپەڕی گەرماییدا ئاهێکم بەبەردا هاتەوە.

چاڵ هەڵکەندن لە زەویدا شێوازێك بوو لە ڕێگەیەوە عادەکانم لە کۆڵ دەبووەوە. سەیر بوو، چونکە دواتر بۆم دەرکەوت کە (ئەمان)ی خوشکیشم هەمان شێوازی بەکارهێنابوو، بەڵام

ئــەم چارەســەرە لایــەنی خراپیشــی هــەبوو، ڕۆژێکیان باوکم بەلامدا تێپەڕی و بینی تا نیوەم لەژێر درەختێکدا خۆم ناشتووە!

لـە دوورەوە وا دەردەکـەوت کـە لـە ناوقـەدەوە بڕاوەمەتەوە و خراوەمەتە نێو لمەکەوە. گوێم لێبوو بـاوکم گـوتی: (ئـەوە بـەلای نـاخێرت خـەریکی چیت؟)، لە تاودا هەوڵمدا لە کونەکە بێمە دەرەوە بەڵام گڵەکە ئەوەندە لە دەور و پشتم توند ببوو نەمتوانی دەربچم. زۆرم وچان دا بە پەلەقاژە بێمە دەرەوە و لاقم ئازاد کەم. باوکم بە شێوازێکی هیستریایانە دەستی کرد بە پێکەنین. ئەوەندە شـەرمن بـووم نـەمتوانی بـۆی ڕوون بکەمـەوە کـە بۆچی خۆمم لە چاڵ ڕۆکردووە. دواتر هەمیشە لە بـارەی ئەمــەوە بـە شـۆخییەوە دەیگـوت: "گـەر دەتەوێت خۆت زیندەبەچاڵ بکەیت ئەوا بە باشی بیکە! مەبەستم ئەوەیە بۆچی گەر دەیکەیت تا نیوەی خۆت دەخەیتە چاڵەوە؟".

دواتـر لـە بـارەی هەڵسوکەوتە سـەیرەکەمەوە پرسـیاری لـە دایکـم کـرد. غـەمی ئـەوەی بـوو

کچەکەی خەریکە دەگۆڕێت بە ئاژەڵێك کە بە هەڵکەندن خۆی دەخزێنێتە نێو زەوییەوە.

–پێدەچێت گۆڕابێت بە سۆسەکارێك کە لەنێو مێشکیدا تونێلی ژێرزەمینی هەڵکەندبێت. بەڵام دایکم مەسەلەکەی بۆ ڕوون کردەوە!

هەروەك دایکم گوتبووی، نەمتوانی چارەسەرێك بۆ کۆتایی پێهێنانی ژان و ئازارەکەم بدۆزمەوە. ئەوکاتە تێنەگەیشتبووم کە خوێنی عادەش هەروەکو میز لە لەشدا کۆدەبێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی ئێستە مەسەلەکە پەیوەندی بە لەبەر ڕژانێکی بەردەوام بوو کە چەند ڕۆژێکی خایاند ئەوا فشارەکە بڕست لەبەربڕ بوو. هەر جارەی دڵۆپێك خوێن دەهات، لە ئەنجامی ئەمەشدا عادەکانم بە شێوەیەکی نەگۆڕ لایەنی کەم (١٠) ڕۆژیان دەخایاند.

ئەم گرفتە گۆڕا بە کێشەیەکی ڕاستەقینە ئەوکاتەی لەلای (خاڵە محەمەد)م دەژیام. بەیانییەکیان زوو وەکو کاری ئاسایی خەریکی ئامادەکردنی خواردنی بەیانیان بووم، دواتر کە بە سینییەکەوە لە موبەقەکەوە بەرەو هۆڵی

نانخواردن دەچووم کە خاڵمی لێ دانیشتبوو و چاوەڕێی دەکرد، کتوپڕ لە هۆش خۆم چووم و پەرداخ و قاپ و قاچاخ کەوتنە خوارەوە. خاڵم بەرەو ڕووم ڕایکرد و هەوڵی دا لە ڕێگەی لێدان لە دەموچاوم هۆشم بهێنێتەوە. وردە وردە هۆشیار بوومەوە و، گوێم لێبوو لە دوورەوە هاواری دەکرد:

(ماریوم، ماریوم وەرە واریس بووراوەتەوە!).

کە هۆشم هاتەوە خاڵۆژنە ماریوم لێی پرسیم گرفتت چییە؟ منیش بۆم باس کرد کە ئەو بەیانییە عادەم هەبووە، ئەو گوتی: (ئەرێ، کەواتە شتێك لە جێی خۆیدا نییە و پێویستە بتبەین بۆ لای دکتۆر. دەبێت تەلەفۆن بکەم بۆ دکتۆرەکەم و کاتێکی بۆ پاشنیوەڕۆ لەلا حیجز بکەم).

بۆ پزیشکەکەی خاڵۆژنم باس کرد کە عادەکانم زۆر بە ئازارن و هەر جارەش کە دەمبێت دەبورێمەوە. بۆم باسکرد کە ئازارەکە تا ڕادەیەك ئیفلیجم دەکات و نازانم پەنا بۆچی بەرم.

–تکایە دەتوانن یارمەتیم بدەن! تکایە، ئەرێ دەتوانن هیچم بۆ بکەن!؟ ئیتر چیتر بەرگە ناگرم.

بـەڵام بـۆم بـاس نـەکرد کـە خەتەنـە کـراوم، تەنانەت نەشمدەزانی بە چ شێوەیەك لەم بارەیـەوە گفتوگۆیەك سازبکەم. هێشتا من کیژۆڵەیەکی کەم تەمـــەن بـــووم و هەرچـــیش پەیوەنـــدی بـــە خەتەنەکردنەکـــەوە هـــەبوو بەســـترابووەوە بـــە ناتوانـایی وێڵـی و شـەرمەوە. تەنانـەت دڵنیـاش نـــەبووم لـــەوەی کـــە سەرچـــاوەی گیروگرفتەکـــە هۆکارەکـەی خەتەنەکردنەکـە بـوو، چـونکە بـاوەڕم وابـوو کـە ئـەوەی لـە مـن ڕووی داوە لـە هـەموو کیژۆڵەیـەك ڕوودەدات. دایکم ئازارەکانی منـی بـە ئـازاری نائاسـایی نـەزانیبوو، چـونکە هەرچـی ژن هەیـە کـە ئـەو دەیناسـین، خەتەنـە کرابـوون و هـەر هەمووشـیان دووچـاری ژان و ئـازار ببـوون. ئـەو ئازارانـە بـە بەشـێك لـەو مەینەتییانـە دادەنـران کـە دەبوو ژن لە ئەستۆیان بگرن.

لەبەرئـــەوەی پزیشـــکەکە نەیپشـــکنیم بـــە نهێنییەکـەمی نـەزانی. گـوتی: (تـەنیا شـتێك کـە دەتـــوانم لـــە دژی ئازارەکانـــت بتـــدەمێ حـــەپی منداڵنەبوونـــە. حەپـــەکان عـــادە و ئازارەکانـــت ناهێڵن).

هالێلویــا! هەرچــەند حەزیشــم لــە حــەپی منداڵنـەبوون نـەبوو دەسـتم کـرد بـە خواردنیـان. (بەسمـە)ی خـاڵۆزام بـۆی باسـکردبووم کـە ئـەو حەپانە باش نەبوون. بەڵام لـە ماوەی یـەك مانگدا ئازارەکـان نـەمان و تـا ڕادەیـەکی زۆریـش خـوێن بەربوونـــەکانیش نـــەمان دەرمانەکـــە لاشـــەمی دەخەڵەتانـد کـە منـداڵم لـە زگدایـە و بۆیـە شـتی چاوەڕواننەکراویش وردە وردە دەسـتیان کـرد بـە ڕوودان. مـەمکم گـەورە بـوون، سمـتم گـەورە بـوو، دەموچاوم قەڵـەو بـوو، کێشیشـم لـە چەندان کیلـۆ گــرام زیــادی کــرد. ئــەم گۆڕانــە بنەڕەتییانــە لــە لاشـــەمدا زۆر ســـەیر و ناسروشـــتی دەهاتنـــە پێشچاو. بۆیـە بڕیارم دا کـە باشتر وابوو بەرگـەی ئازارەکــە بگــرم، بــەو جــۆرە وازم لــە خــواردنی حەپـەکان هێنـا. بـە ڕاسـتیش ناچـار بـووم ئـازار بچـێژم، چـونکە هـەر هـەمووی خـراپتر لـە جـاران دەستی پێکردەوە.

دواتر سەردانی پزیشکێکی ترم کرد بۆ ئەوەی بــزانم دەتوانێــت یارمــەتیم بــدات، بــەڵام ئــەو ســەردانەش دووبارەکردنــەوەی ســەردانی یەکــەمم

بوو، چونکە ئەویش هەوڵی دا حەپی مناڵنەبوونم بداتێ. بۆم ڕوونکردەوە کە ئەو ئەڵتەرناتیڤەم تاقی کردۆتەوە، بەڵام کاریگەرییە خراپە لاوەکییەکان بێزاریان کردووم. بەبێ حەپەکان چەند ڕۆژێکی هەر مانگێك من دەستەپاچە بووم و کارم بۆ نەدەکرا، لە جێگەدا دەکەوتم و هیواداربووم بمرم و ئازارەکانم کۆتاییان پێ بێت. لێم پرسی: هیچ چارەسەرێکی تری گرفتەکەمت لەلا نییە؟

پزیشکەکە وەڵامی دامەوە: چاوەڕێ دەکەیت چی ڕووبدات؟ کە ژنان حەپ بەکاردێنن تا ڕادەیەکی زۆر عادەکان کۆتاییان دێت. کە ژنان عادەیان هەیە، لەگەڵیدا ژانیشیان دەبێت. بەدەست خۆتە هەڵبژێریت.

کاتێك سێیەم پزیشکیش هەمان ئامۆژگاری دووبارە کردەوە تێگەیشتم کە دەبێت پەنا بەرمە بەر شتێکی تر لەوەی هەر بچمە لای دکتۆری تر.

لە خاڵۆژنم پرسی: "لەوانەیە پێویست بێت بچمە لای جۆرە پزیشکێکی تایبەتی؟"

چاوی تێبڕیم و پاش بیرکردنەوە وتی: نەخێر.

-ئەرێ بە ڕاست، نیازتە چی بەو پیاوانە بڵێیت؟

گوتم: هیچ، تەنیا ئەوە دەڵێم ئیتر نامەوێت ئازارم هەبێت. تەنیا ئەوەندە و بەس!

لە پەیامە دەرنەبڕدراوەکەی تێگەیشتم. (خەتەنەکردن نەریتێکی ئەفەریقیانەی خۆمانە!) و ئەوە شتێك نییە تۆ لەگەڵ ئەو پیاوە سپی پێستانە گفتوگۆی لەسەر بکەیت.

وردە وردە تێگەیشتم کە ئەمەیە من دەبێت پێی هەڵسم، ئەگینا دەبوو ناچاربم لەگەڵ ئازارەکاندا بژیم و یەك لە سێی کاتی مانگ ئیفلیج بم.

تێشگەیشتم کە خێزانەکەم هەرگیز قبووڵ ناکەن من بەو کارە هەڵسم. لەلام ڕوون بوو کە پێویستە هەنگاوی داهاتووم چی بکەم. دەبوو زۆر بە نهێنی بگەڕێمەوە لای پزیشکەکە و پێی بڵێم کە من خەتەنەکراوم، لەوانەیە ئەوکاتە یارمەتیم بدات.

پزیشکی یەکەم، دکتۆر ماکرا (Macrae)م هەڵبژارد، لەبەرئەوەی کلینیکەکەی لە

نەخۆشـخانەیەکی گـەورە بـوو، بیرمکـردەوە گـەر پێویست بکات نەشتەرگەریم بۆ بکات ئەوا هـەموو ئـامرازە پێویسـتەکانی لەبـەر دەسـتدایە. کاتێـك تەلەفۆنم بۆ کرد کە کات حیجز بکەم دەرکـەوت کـە دەبوو یەك مانگ چاوەڕێ بکـەم بۆئـەوەی ببیـنم. کە کـاتی سـەردانەکە هـات بیانویـەکم بـۆ خـاڵۆژنم دۆزییـــەوە و چـــوومە لای دکتـــۆر مـــاکرا، گـــوتم: شتێك هەیـە کـە بـۆم بـاس نـەکردوون. مـن خـەڵکی سۆماڵم و من.. من..

زۆر ناڕەحـەت و نـاخۆش بـوو بـە ئینگلیزییـە شـەق و شـڕەکەم ئـەو نهێنییـە قێزەونـەی بـۆ بـاس بکەم.

گوتم: من خەتەنە کراوم!

نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم گوتی:

–بچۆ خۆت بگۆڕە. حەزدەکەم بت پشکنم!

ترسی سیمامی هەست پێکرد. گوتی:

–هیچ مەترسی تێدا نییە!

بـانگی پەرسـتارە ژنەکـەی لای خـۆی کـرد و ئەویش ڕێنمایی کردم بە چ شێوەیەك خۆم بگۆڕم و چۆن ڕۆبی نەخۆشخانەکە لەبەرکەم.

که به ڕێگەوه بووین و دەگەڕاینـەوه بۆ ژووری پشـکنین لـه خـۆمم پرسـی ئـەمجاره دەبێـت خـۆم خســـتبێته چ جـــۆره هەلومەرجێکـــەوه! تـــەنیا بیرکردنـــەوه لـــەوەی کیژۆڵەیـــەکی وڵاتەکـــەم لـــەم جێگـــــە سەرنجڕاکێشـــــە بێـــــت و لنگـــــەکانی بڵاوبکاتـەوه و ڕێگەبـدات پیـاوێکی سـپی سـەیری ناوەوەی بکات!..

شـتێکی لـەوه شـەرمەزارکەرترم بـه خەیاڵـدا نـەدەهات. پزیشـکەکه بـێ هـوده هـەوڵی دەدا لاقـم لێك جیابکاتەوه:

–ئـاوا، هـەوڵ بـده هێـور بـەرەوه! ئەمـه هـیچ مەترسـیی نییـه، مـن پزیشـکم، ئـەو ژنەشـی لێـره وەسـتاوه! ملـم وەرگێـڕا بۆئـەوەی سـەیری ئـەو جێگەیه بکەم که پەنجەی بۆ درێژ کرد، پەرستاره ژنەکه بزەیەکی هێورکەرەوەی دامێ و له دواجاردا خـۆم دا بـه دەسـتەوه. خـۆم ناچـار کـرد کـه بیر لـه شتێکی تر بکەمەوه، با خۆم وا نیشان بدەم که من لـــەوێ نـــەبووم و گەڕابوومـــەوه بیابـــان و لەگـــەڵ بزنەکانم بووم.

که تەواو بوو لە پەرستارەکەی پرسی کەس لە نەخۆشخانەکە هەیە زمانی سۆماڵی بزانێت! ئەویش بە ئەرێ وەڵامی دایەوە. لە قاتەکەی ژێرەوەدا ژنێکی سۆماڵی کاری دەکرد، بەڵام کە گەڕایەوە پیاوێکی سۆماڵی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، چونکە ژنەکەی نەدۆزیبووەوە. بۆیە بیرمکردەوە: بە خوا جوانە! چ بەدبەختییەکە کە دەبێت ئەم شتە ناخۆشە لەگەڵ پیاوێکی سۆماڵیدا کە موتەرجیمە باس بکەم! شت هەیە لەوە خراپتر بێت؟

دکتۆر ماکرا گوتی: "بۆی ڕوونکەرەوە کە ئەو زیاد لە پێویست دوور دراوەتەوە. تێناگەم چۆن تاکو ئێستا دەرباز بووە و ژیاوە. پێویستە هەرچی زووە نەشتەرگەریی بۆ بکەین!

هەرزوو دیم پیاوە سۆماڵییەکە وەزعەکەی بە دڵ نەبوو. لچێکی بادا و مۆڕەیەکی لە دکتۆرەکە کرد. ئەو ڕاستییەی کە کەمێك ئینگلیزی تێدەگەیشتم و بە هەڵسوکەوتی پیاوە سۆماڵییەکەشدا تێگەیشتم وەزعەکە باش نییە.

بــه منــی گــوت: "ئــەرێ، گــەر بــە ڕاســتی حەزدەکەیت ئەوا نەشتەرگەریت بۆ دەکەن؟)

من تـەنیا چاوم تێـبڕی. بـەردەوام بـوو گـوتی: (بەڵام تۆ دەزانیت کە ئەمە دژی کلتووری ئێمەیـە. ئایا خێزانەکەت ئاگادارن کە تۆ ئەمە دەکەیت؟

—نەخێر، گەر ڕاستت پێ بڵێم نەخێر.

—لای کێ دەژیت؟

—خاڵۆژنم و خاڵم.

—ئاگایان لەمە هەیە؟

—نەخێر.

—کەواتـە یەکـەم ئامۆژگـاریم بـۆت ئەوەیـە کـە لەگەڵ ئەوان گفتوگۆ لەسەر شتەکە بکـەیت! سـەرم بـــۆ لەقانـــد و بیرمکـــردەوە: (کاردانەوەیـــەکی چـــاوەڕوان کـــراو بـــوو لـــە لایـــەن پیـــاوێکی ئەفەریقییـــەوە. ســـوپاس بـــۆ ئامۆژگارییـــە باشـەکانت، ئـەی بـرام. ئەمـە کۆتـایی بـە هـەموو شتێك دەهێنێت.

دکتـۆر مـاکرا وتیشـی کـە ناتوانێـت یەکسـەر نەشتەرگەیم بۆ بکـات، بـەڵکو دەبێـت کـات حیجز بکەم. تێگەیشتم کە ناتوانم ئەنجامی بدەم چونکە

خـاڵۆژنم پێـی دەزانیـی. گـوتم: (بـەڵێ، وا دەکـەم، تەلەفۆن دەکەم و کات حیجز دەکەم).

سـاڵێکی زیـاتر بەسـەردا تێپـەڕی و مـن هـەر تەلەفۆنم نەکرد.

هەرکـە خزمـەکانم بـە سـەردان چـوونەوە بـۆ سۆماڵ، تەلـەفۆنم کـرد و کـاتم حیجـز کـرد، بـەڵام کـاتی چـۆڵیان نـەبوو، دەبـوو دوو مـانگ چـاوەڕێ بکەم. لە ماوەی ئەو دوو مانگەدا مەترسییەکانی مـاوەی خەتەنەکردنەکـەم بیرکەوتنـەوە. لـەو بـاوەڕەدا بـووم کـە نەشـتەرگەرییەکە دووبـارە بوونـەوەی ئـەو ناخۆشـییانە بـوو کـە وەختـی خەتەنەکردنەکە دووچارم ببوون. هەتا زۆرتـر بیرم لـێ دەکـردەوە زۆرتـر هەسـتی ئـەوەم لا دروسـت دەبوو کە جارێکی تـر بەو ئەزموونـەدا تێنەپـەڕم. کـە ڕۆژی خـۆی هـات نەچـووم بـۆ نەخۆشـخانە و تەلەفۆنیشم نەکرد.

لـەم کاتـەدا لـە یومکـا (YMCA) دەژیـام. گیروگرفتـی وەختـی عادەبوونـەکانم کـەمیان نـەکردبوو، بـەڵام ئـەمجارەیان دەبـوو لـە دەرەوەی ماڵەوە کاربکەم بۆئەوەی بژێوی خـۆم دابین بکـەم.

بۆم نەبوو هەروا بە ئاسانی هەفتەیەك لە کارەکەم دوورکەومەوە و لەو باوەڕەشدا بم کە بتوانم ئیشەکەم لە دەست نەدەم. بەردەوام بووم لە کۆشش و کارکردن بەڵام هاوڕێکانم لە (یومکا) دەیانبینی کە تەندروستیم باش نییە. مارلین (Marlyn) جار لە دوای جار لێی دەپرسیم چیمە! بۆم ڕوونکردەوە کە کاتێك کیژۆڵەیەکی چکۆلە بووم لە سۆماڵ خەتەنەیان کردووم.

بەڵام مارلین لە لەندەن گەورە ببوو و تێنەدەگەیشت باسی چی دەکەم.

گوتی: "ناتوانیت نیشانم بدەیت، واریس! بە ڕاستی نازانم باسی چی دەکەیت. ئێرەتیان بڕیوە؟ ئەوێتیان بڕیوە؟ چیان کردووە؟"

لە کۆتاییدا ڕۆژێکیان پانتۆڵەکەم داکەند و نیشانم دا، هەرگیز شێوەی کاردانەوەی ڕوخساریم بیرناچێت. ڕووی لێ وەرچەرخاندم و فرمێسك بە ڕوومەتەکانیدا هاتە خوارەوە. هەستم بە پەژارە و دڵەڕاوکێ کرد، چونکە بیرمکردەوە و لە خۆم پرسی: (خوایە گیان، بە ڕاست وەزعم ئەوەندە خراپە؟)

یەکەم وشەی ئەوە بوو پرسی:

–واریس، ئەریٚ هەست بە هیچ دەکەیت؟

گوتم:

–باسی چی دەکەیت؟

ئەو تەنیا سەری لەقاند:

–شێوەی خۆتت بە کیژۆڵەیی دێتەوە بیر؟ پێش ئەوەی ئەم کارە ئەنجام بدەن؟

گوتم:

–ئەریٚ.

وە ئەو گوتی: من شێوەم وەك ئێستا وابوو، بەڵام تۆ بە هیچ جۆرێك لە خۆت ناچیت!

ئێستا دڵنیابووم. ئیتر پێویستم بەوە نەبوو لە خۆم بپرسم، یان هیوا بخوازم، کە ئایا هەموو ژنانی تر وەکو من پەل و پۆ کرابوون. ئێستا بە دڵنیاییەوە دەمزانی کە من لەوان جیاواز بووم. هیواخواز بووم کەسی تر ئەو موعاناتە نەچێژیٚ کە من دوچاری بووم، بەڵام پێشم خۆش نەبوو کە لەوەدا تەنیابم!

پرسیم: (کەواتە ئەمە لەتۆ ڕووی نەداوە، نە لە خۆت و نە لە دایکت؟)

ئەو سەری لەقاند و دووبارە دەستی بە گریان کردەوە و گوتی:

(واریس، ئەمە زۆر ترسناکە، تێناگەم کە کەسێك هەبێت بە خۆی ڕابپەرموێت ئەمەت بەرامبەر بکات!)

گوتم: (بەسە، تکات لێدەکەم نارەحەتم مەکە غەمم مەدەرێ!)

گوتی: هەست بە غەمباری دەکەم. غەمبار وتووڕەم. بە شێوازێك لە شێوازەکان دەگریم بۆئەوەی کە باوەڕناکەم مرۆڤ هەبێت ئەوەندە ئازاری کیژۆڵەیەکی وا چکۆلە بدات!

بۆ ساتێك بێدەنگ دانیشتین. مارلین بەردەوام مڵچە مڵچ و نوزەی دەهات بەلاّم من نەمدەتوانی سەیری بکەم. پاشان بڕیارم دا کە ئیتر بەسە!

-هەموو بە جەهەنەم، دەبێت ئەم نەشتەرگەرییە ئەنجام بدەم. سبەینێ تەلەفۆن دەکەم بۆ پزیشکەکە. خۆ هەر نەبێت دەتوانم بە ڕەحەتی لەسەر ئاودەست دانیشم.

گەر ئەوە تەنیا شتێکیش بێت بەسمە.

–واریس منیش لەگەڵت دێم، پەیمان بێت منیش لەوێ لەگەڵت دەبم.

مارلین تەلەفۆنی کرد بۆ کلینیکەکە و کاتی بۆ حیجز کردم. ئەمجارەیان دەبوو مانگێك چاوەڕوان بم. لەو ماوەیەدا هەمیشە دەمپرسی: (دڵنیابم لەوەی کە تۆ لە گەڵمدا دێیت!)

–هیچ گوێی مەدەرێ، لەگەڵت دێم. لەوێ دەبم لەگەڵت!

ئەو بەیانییەی کە دەبوو نەشتەرگەریی بکرێم، هەر زوو بێداری کردمەوە و چووین بۆ نەخۆشخانە. سیستەرەکە بردمی بۆ ژوورەکە، مێزی نەشتەرگەرییەکەی لێ بوو. کە چاوم پێی کەوت خەریك بوو ڕوو وەرگێڕم و هەڵبێم بەرەو دەرەوەی بیناکە. گومانی تێدا نییە پاڵکەوتن لەسەر ئەو مێزە لە پاڵ کەوتنی سەر بەردەکەی چۆڵەوانییەکەی بیابان باشترە، بەڵام هیوام گەورە نەبوو بەوەی شێوازی بەڕێوەچوونەکەی ئێرە لەوەی ئەوێ باشتر دەبێت.

بەڵام دکتۆر ماکرا بۆئەوەی ئازارم نەبێت بەنجی کردم، کە ئاواتەخوازبووم کاتێك (ژنە

سەربڕەکە)ش کەللەپاچەی کردم بەنجی کردمایە. لە کاتێکدا خەوم لێکەوت مارلین دەستی لەناو دەستمدا بوو.

کاتێک بێداربوومەوە گواستبوومیانەوە بۆ ژوورێکی جووت قەرەوێڵە، لەگەڵ ژنێکدا کە تازە منداڵی ببوو. ئەویش و هەموو مرۆڤەکانی تریش کە لە کاتی نانی نیوەڕۆدا لە کافتریاکە تووشیان بووم دەیانپرسی:

-ئێ، ئەی تۆ بۆچی لێرەیت؟

چیم بگوتایە؟ بمگوتایە بەڵێ هاتووم تا لێرە ڤاگینام نەشتەرگەریی بکەم کە زۆر تەسك بووە!

ڕاستیەکەم بۆ کەس باس نەکرد. گوتم کە بەکتریام هەبووە. هەرچەندە چاکبوونەوەکەم زۆر باشتر بوو لەوەی هاوکات لەگەڵ خەتەنەکردنەکە دووچارم ببوو، کەچی هەندێك لە بیرەوەرییە ناخۆشەکانی ئەو کاتەم سەریان هەڵدایەوە.

هەمان چیرۆکی پێشوو بوو کە دەبوو میزبکەم: دەبوو خوێ و ئاوی گەرم بەکاربهێنم، بەڵام سستەرەکان ڕێگەیان دەدام خۆم بشۆم و لە ئاوە گەرمەکەدا دانیشم. دەرمانی دژە ئازاریشم

دەدرایە، بۆیە ئەوەندە پڕ مەترسی نەبوو، بەڵام کە هەمووی کۆتایی پێهات زۆر بەختەوەر بووم، سەرباری ئەو خزمەتە باشانەش خۆشحاڵ بووم کە کۆتایی پێهات.

دکتۆر ماکرا کارێکی باشی ئەنجام دا و بۆ هەمیشە سوپاسی دەکەم. ئەو گوتی:

–دەبێت بزانیت کە تۆ تەنیانیت. دەتوانم پێت بڵێم ژمارەیەکی زۆر لە ژنان کە هەمان گیروگرفتیان هەیە دێنە ئێرە. ژمارەیەکی زۆر ژنی سودانی، میسری و سۆماڵی. هەندێکیا زگیان پڕە و زیرەیان کردووە چونکە لەبەرئەوەی دوراونەتەوە منداڵبوونەکەیان پڕ مەترسییە.

پێدەچێت ئاڵۆزکاریی زۆر بێتە ئاراوە:

لەوانەیە لە کاتێکدا کە دەبێت منداڵەکە بەو کونە تەسکەدا تێپەڕێت بخنکێت. یان لەوانەیە دایکەکە خوێنی بەرببێت. بەبێ ئەوەی پیاوەکانیان یان خێزانەکانیان ڕێگەیان دابن دێنە لای من و منیش چیم لەدەست بێت بۆیان دەکەم. هەرچی باشە بۆیان دەکەم.

**لە ماوەی دوو سێ هەفتەدا بە تەواوی چاک ببوومەوە. یان باشتر بڵێم، بە تەواوی نا بەڵام زیاتر لە ژنێک دەچووم کە خەتەنە نەکرابێت. ئێستا ئیتر واریس ژنێکی نوێ بوو. دەمتوانی لە ئاودەست دانیشم و میزبکەم، تەنیا ئەوەندە! ناتوانم بە وشە باسی بکەم کە ئەوە چ هەستێکی ئازادیی دەدامێ!**

*          *     *

## بەشی (١٧)ی کتێبەکە

## بوون بە سەفیر

لە کلتووری ئێمەدا ژن ئەوکاتە دانی پێدا دەنرێت و ڕێزی لێ دەگیرێت کە دەبێت بە دایک. ئەو یارمەتی مرۆڤێکی تری داوە بێتە دنیاوە، بەشداریی خۆی لە پێدانی ژیاندا کردووە. کاتێك ئەلیکی (Aleeke) لەدایك بوو منیش بووم بە (ماما)یەك[١]. ماما (Mama) ژنێکە کە گەیشتۆتە پلەیەکی دیاریکراو لە پێگەیشتوویی، واتە کەماڵ. دوای ئەوەی بەو بازنەیەدا گوزەرم کرد کە مانای بوون بە (ژن)ە، کە بۆ من بە خەتەنەکردنەکە هەر لە تەمەنی پێنج ساڵانەوە دەستی پێ کرد و بەوە کۆتایی هات کە لە تەمەنی سی ساڵیدا منداڵم بوو، ئیتر ڕێز و

---

[١] لەبەرئەوەی ئەم سێ بەشەی کتێبەکە مەبەستی وەرگێڕانەکەم بوو، هەندێك لە زانیارییەکان بەرچاو نەکەوتوون. لە یەکێك لە بەشەکانی تری کتێبەکەدا باسی ئەوە دەکات پیاوێکی بە ناوی (دانا)وە توش بووە و شووی پێ کردووە، ئەم منداڵەی لەو پیاوەیە.

ویقاری دایکم لەلام ئەوەندەی تر زیادی کرد. تێگەیشتم ئەو هێزەی ژنە سۆماڵییەکان خاوەنین چەند گەورەیە، بۆئەوەی لە توانایاندا بێت ئەو بارە هەڵگرن کە بە ئەستۆیانەوەیە هەر لەبەرئەوەی کە (ژن)ن. وەکو ژنێك کە لە خۆرئاوا دەژیام خەباتم زۆر کرد بۆئەوەی بژیم، هەندێك ڕۆژ وام دەزانی دەرباز نابم و تیا دەچم، بۆ نموونە کاتێك کە لە ماکدۆناڵد زەمینم خاوێن دەکردەوە و ژانی عادەکەم ئەوەندە بەهێز بوو وامدەزانی دەبووریمەوە. نەشتەرگەریم بۆ ئەنجام درابوو بۆ کردنەوەی ئەندامی پێکەوە دووراوم بۆ ئەوەی بتوانم بە شێوەیەکی ئاسایی میزبکەم. بە پەلە پروسکێ ڕێگەم گرتبووە بەر و سکم نۆ مانگان بوو کە بە (ئەندەرگراوند)[٢] دەچووم بۆ هارلێم (Harlem)، بە قاڵدرمەدا سەرکەوتبووم و لە بوغازەکانی شتم کڕیبوو. سێ ڕۆژ بوو ژانم هەبوو، لەو باوەڕەدا بووم لە ژووری منداڵبوونەکە بە بەرچاوی پزیشکەکانەوە دەمرم.

---

[٢] شەمەندەفەری ژێر زەمینی.

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە من بەختەوەرم. ئەو کیژۆڵەیەی لە بیابان بوو وەزعی چۆن بوو، ئەو کە میل بە میل ڕێگەی دەبڕی بۆ ئەوەی ئاوی بزنەکانی بدات، لە کاتێکدا کە ئازاری عادەکانی ئەوەندە بەهێز بوون بە ئاستەم دەیتوانی بە پێوە بوەستێت! یان ئەو ژنەی هەر کە منداڵەکەی بوو دەبوو بە دەرزی و دەزوو خێرا پێکەوە بدوردرێتەوە، هەر بۆئەوەی ڤاگینای بە تەسکییەکی وا بمێنێتەوە کە مێردەکەی پێی ڕازی بێت. یان ئەو ژنەی مانگی نۆیەمێتی و بە بیاباندا ڕاوی خواردنی یانزە منداڵەکەی تری دەکات کە برسییانە! چی لەو ژنە نوێیە ڕوودەدات کە پێکەوە دووراوەتەوە و کاتی ئەوەی هاتووە یەکەم منداڵی ببێت؟ چی ڕوودەدات کە بە تەنیا لە بیاباندایە، هەروەك چۆن دایکم دەژیا و هەوڵی دەدا خۆی بژێوی دابین بکات؟

بە داخەوە من وەڵامی ئەو پرسیارە دەزانم: زۆربەیان خوێنیان بەردەبێت و گەر بەختیان هەبێت ئەوا مێردەکانیان پێش داڵەکەرخۆرە و چەقەڵ دەیاندۆزنەوە.

دواتر کە چووم بە تەمەندا و لە دنیا زیاتر تێگەیشتم، تێگەیشتم کە من تەنیا نەبووم. ئەو گیروگرفتە تەندروستیانەی کە من ناچار بووم زۆرانیان لەگەڵدا بگرم دوای ئەوەی خەتەنە کرام، بە هەمان شێوە ملیۆنان کیژۆڵە و ژنی تر لە هەموو جیهاندا ئازار دەدەن. بە هۆی سرووتێکەوە کە لەسەر بناغەی نەفامی ئەنجام دەدرێت زۆربەی هەرە زۆری ژنانی کیشوەری ئەفەریقا ژیانیان بە ئازارەوە بەسەر دەبەن. کێ یارمەتی ژنانی بیابان دەدات -بۆ نموونە دایکم- کە نە پارە و نە دەسەڵاتیان هەیە؟ کەسێك پێویستە لە بری ئەو کیژۆڵە بچکۆلەیە بدوێت کە دەنگێکی نییە. لەبەرئەوەی منیش وەکو ئەوان ژیانم بە کۆچەریی دەستپێکردبوو، هەستم کرد کە ئەوە لە چارەی من نووسرابوو یارمەتییان بدەم.

هەرگیز نەمتوانیوە ڕوونی بکەمەوە کە بۆچی زۆربەی شتەکان لە ژیانمدا بە هۆی ڕێکەوتەوە ڕوویان داوە. لە ڕاستیدا خۆم باوەڕم بە ڕێکەوت نییە. دەبێت ژیانمان مانایەکی تری هەبێت.

کاتێك لە دەست ماڵەوە ڕامکرد خوا لەدەست شێرێك ڕزگاری کردم و، لەو چرکەساتەوە وا هەست دەکەم نەخشەیەکی بۆ من هەبێت، هۆکارێك کە ڕێگەم دەدا بژیم. بەڵام گەر هۆکارێك هەبێت ئەو هۆکارە چییە؟

ماوەیەکی کورت لەمەوپێش نووسەرێکی ڕۆژنامەی مۆدە (ماری کلێر)، کاتی لەگەڵدا حیجز کردم گفتوگۆم لەگەڵ سازبدات. پێش ئەوەی یەکتر ببینین بە وردی بیرم لەوە کردەوە چی بڵێم. کاتێك یەکترمان بینی بۆئەوەی نانی نیوەڕۆ پێکەوە بخۆین یەکسەر هەستم کرد کە "لاورا زیف– LauraZiv"م خۆش دەوێت، ڕۆژنامەچییەکە ناوی "لاورا" بوو. گوتم: "گوێ بگرە، نازانم بیرت لە چ چیرۆکێك لە بارەی منەوە کردۆتەوە، بەڵام لە بارەی چیرۆکی بوونم بە (بەرگ نیشاندەر) ملیۆنەها جار نووسراوە. گەر پەیمانم دەدەیتێ بڵاوی بکەیتەوە ئەوا چیرۆکێکی ڕاستەقینەی گرنگت دەدەمێ".

لە وەڵامدا گوتی: بە ڕاست! هەوڵ دەدەم بزانم چیم لەدەست دێت!

ئنجا ڕیکۆردەرەکەی خستەگەڕ. دەستم کرد بە گێڕانەوەی هەموو چیرۆکی خەتەنەکردنەکەم لە تەمەنی پێنج ساڵاندا. لە نێوەڕاستی گفتوگۆکەدا بووین دەستی کرد بە گریان و ئامڕازەکەی کوژاندەوە.

پرسیم: ئەوە چییە؟

گوتی: دەمەوێت بڵێم ئەمە چ زوڵمێکە! چەند بێ مانا و پووچە! خەونیشم بەوەوە نەدەبینی کە هێشتا شتی لەو جۆرە ڕوودەدات.

گوتم: نەخێر، چاوت لێیە! ئەمەیە مەسەلەکە، خەڵك لە خۆرئاوا ئاگایان لەو بابەتە نییە. لەو باوەڕەدایت بتوانیت ئەمە لە ڕۆژنامەکەتدا بڵاوکەیتەوە؟ ڕۆژنامە قەشەنگە پڕ شکۆکەت! کە بێجگە لە ژنان کەسی تر نایخوێنێتەوە.

گوتی: پەیمان بێت ئەوپەڕی هەوڵی خۆم دەدەم، بەڵام دواجار بەڕێوەبەرەکەم بڕیار لەسەر ئەوە دەدات.

ڕۆژی دوای چاوپێکەوتنەکە هەستم بە شۆك و شـەرمەزاریی دەکـرد لـەوەی کـە کردبـووم. ئـیتر هەموو ئەوانەی لە بوارەکەی مندا ئیشیان دەکرد بە وەزعی منیان دەزانی. نهێنییە هەرە نزیکەکەم. تەنانـەت هـاوڕێ هـەرە نزیکەکانیشـم نەیانـدەزانی کە کاتێك منداڵ بووم چیم بەسەر هاتبوو.

لەو کلتورەدا کە من تێیدا گەورە بووم مرۆڤ باسی شتی لەو جۆرەی نەدەکرد، کەچی ئێستا لێرە لەبەرچاوی ملیۆنـان کـەس گێڕاومەتـەوە. بەڵام لە کۆتاییدا بڕیاری خۆمم دا: چی دەبێت با ببێـت! پێویسـتە ڕێـز و بـەهای خـۆم بکەمـە قوربـانی ئـەو کێشـەیە. هـەر واشـم کـرد. ڕێـز و بـەهای خـۆم وەکـو پۆشـاك لەبـەر خـۆم داکەنـد، لەوێـدا فـڕێم دا و بـە ڕووتـی گـەڕام. هـەروەها غـەمی ئـەو کاردانەوەیەشـم بـوو کـە لـە لایـەن سۆماڵییەکانی ترەوە دووچاری دەبووم.

گوێم لێیان دەبوو بڵێن:

-چـۆن دەوێریـت ڕەخنـە لـە نەریتـە هــەرە کۆنەکانمان بگریت؟

گــوێم لێیــان دەبــوو قســەکانی خێزانەکــەم دووبــارە بکەنــەوە کــە لــە کــاتی بینینیانــدا لــە ئەسیوبیا[٣] پێیان گوتم:

–لــەو باوەڕەدایــت تــەنیا لەبەرئــەوەی لــە خۆرئاوا دەژیت هەموو شتێك دەزانیت؟

دوای بیرکردنەوەیــەکی زۆر گەیشــتمە ئــەو باوەڕەی کە دوو هۆ هەیە باسی خەتەنەکردنەکەم بکەم. یەکەم لەبەرئەوەی ئەوە شتێکە زۆر ئازارم دەدات، سـەرباری گیروگرفتـە جەسـتەییەکان کـە هێشتا زۆرانیان لەگەڵدا دەگرم، هەرگیز چێژ لە سێکس نابینم.

هەست دەکەم کامڵ نیم و ئیفلیجم. بەوەی کە ئاگاداریشم لەوەی ناتوانم ئەو وەزعەم بگۆڕم لە هـەموو شـتێکی تـر زۆرتـر بـێ ئومێـدم دەکـات. کاتێـك (دانـا)م ناسـی بـە ڕاسـتی عاشـق بـووم و شــەیدای ئــەوە بــووم بەختــەوەریی سێکســی بەدەسـت بێـنم لەگـەڵ پیـاودا، بـەڵام گـەر ئـەمڕۆ

---

[٣] لە ماوەی کارکردنیدا بەسەردان دەچێتەوە بۆ نزیك سۆماڵ و دایکی و برایەکی دەبینێت.

کەسێك لێم بپرسێت: چێژ لە سێکس دەبینیت؟ ئەوە لە وەڵامدا دەڵێم:

–نەخێر، بە شێوازە نەریتی و باوەکە نا، بەڵام چێژ لەوە دەبینم کە لە ڕووی جەستەییەوە نزیك بم لە دانا (Dana) چونکە خۆشم دەوێت.

لە هەموو ژیانمدا کۆششم کردووە هۆکارێك بۆ خەتەنەکردنەکە بدۆزمەوە. گەر هۆیەکی گونجاوم دەستبکەوتایە پێدەچوو ڕازی ببم کە چییان بەرامبەرم کردووە، بەڵام نەمتوانیوە هۆیەك بەدەست بهێنم، هەتا زۆرتریش هەوڵم دابێت بەبێ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنم ئەوا تووڕەتر بووم.

لەبەرئەوەی ئەم نهێنییەم لە ناخی خۆمدا، لە ماوەی ژیانمدا هەڵگرتبوو، پێویستم بەوە بوو باسی بکەم. لەبەرئەوەی خێزانم نەبوو، دایکم و خوشکەکانم لەلا نەبوو ئەوا کەسێك نەبوو ئەو غەمەمی لەگەڵدا بەش بکەم.

ڕقم لە وشەی "قوربانی"یە، چونکە زۆر بێ دەسەڵات دێتە بەرگوێ.. بەڵام بە ڕاستی من قوربانی بووم کاتێك "ژنە سەربڕەکە" پارچەی

کردم، بەڵام کە بوومە ژنی پێگەیشتوو چیتر قوربانی نەبووم و دەشتوانم کاری بۆ بکەم. لە ڕێگەی وتارەکەی ناو (ماری کلێر)ەوە ویستم ئەو کەسانەی کە ئەم ئەشکەنجەیە بە ڕەوا دەزانن گوێیان لە ژنێك بێت کە دووچاری بووە، هەست بە چی دەکات، چونکە هەموو ژنەکانی وڵاتەکەم بێدەنگن.

وا بۆی دەچووم گەر خەڵکی بە نهێنییەکەم بزانن ئەوە بە چاوی گومانەوە سەیرم دەکەن، ئەوەش کاتێك کە لەناو شاردا دەمبینن. بڕیارم دابوو کە گوێ بەوە نەدەم. هۆکارەکەی تر کە هانی دام ئەو وتارە بڵاوبکەمەوە لەبەرئەوە بوو خەڵکی ئاگاداربکەمەوە لەوەی کە ئەم نەریتە هەتاکو ئەمڕۆش هەر پەیڕەو دەکرێت. پێویستە لە سەرم ئەم کارە بکەم، تەنیا لەبەر خاتری خۆم نا بەڵکو لەبەر خاتری هەموو ئەو کیژۆڵە چکۆلانانەی لە جیهاندا بەو ئەزموونە تاڵەدا تێدەپەڕن. ئەمە پەیوەندی بە سەدان، هەزاران کیژۆڵەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە ملیۆنان کیژۆڵەوە هەیە کە لەگەڵ ئەو کێشەیەدا دەژین و

تەنانەت بە هۆیەوە دەشمرن. تازە درەنگە وەزعی خۆم بگۆڕم، زیانەکەم پێگەیشتووە، بەڵام لەوانەیە بتوانم یارمەتی ڕزگارکردنی کەسێکی تر بدەم.

کاتێـــک چـــاوپێکەوتنەکەم لـــەژێر نـــاوی "خەتەنـــــەکردنی ژنـــــان- تراژیدییـــــەک"دا بڵاوکرایەوە، کاردانەوەیەکی گەورەی لێکەوتەوە. لاورا کـــارێکی زۆر نایـــابی ئـــەنجام دابـــوو. بڵاوکردنـــەوەی وتارەکـــەش لـــە لایـــەن (مـــاری کلێـــر)ەوە بڕیـارێکی ئازایانـە بـوو. ڕۆژنامەکـە و ڕێکخـــراوی ژنـــانی "دەســـبەجێ یەکســـانی- Equality Now"ش کەوتنـە بـەر لافـاوی نامـەی خـــەڵکی کـــە پشـــتگیریی خۆیـــان دەردەبـــڕی. خوێنـەرانیش بـە تـەواوی وەکـو "لاورا" کاریـان تێکـرا، هـــەروەک ئـــەو ڕۆژەی کـــە شـــتەکەم بـــۆ گێڕایەوە.

لەناو نامەکاندا دەبینرا:

(مانگێـک لەمەوبـەر، وتـاری ژمـارەی ئـازاری ڕۆژنامـــەی (مـــاری کلێـــر- Marie Claire)م بـــە ترسـەوە خوێنـدەوە کـە لـە بـارەی (خەتەنـەکردنی

ژنـان) بـوو. لـەو کاتـەوە بـیر و هـۆشمی داگـیر کردووە.

بەلامەوە زۆر گرانە کە (کەسێك) پیاو یان ژن بێت، بتوانێت یان وا نیشان بدات دەتوانێت گوێ نـەدات بـە هەڵسـوکەوتێکی لـەو جـۆرە خـوێن ساردانە و نامرۆڤانـە بەرامبـەر جنسێك کـە خـوا خـەڵقی کـردووە تـا ببێتـە هـاوڕێی پیـاو و بـە درێـژایی کـات وەکـو ژن (هاوسـەر) لەگەڵیـدا بێـت. ئینجیلی پیرۆز دەڵێت کە پیاو دەبێت "ژنـی خـۆی خۆش بوێت". تەنانەت گەر لە کلتورێکیشدا ژیان کە خـودا بـوونی نـەبوو، مرۆڤـەکان نـاتوانن حاشـا بکەن کە ئەو ئازارە، تراوما[٤] و حاڵـەتی مردنانـەی کە خەتەنەکردن هۆکاریانـە چـەند هەڵـەن (هەڵـە بـە پیتی گەورە!)

---

[٤] تراوما (Trauma): ئەو زەخمە دەروونییەیە لـە جـێ پێی کارەساتێکدا کە بەسەر مرۆڤێکدا دێت، لای ئـەو مرۆڤە جێدەمێنێت. بۆ نموونـە شـایەتحاڵێکی جـەنگ بە ئاسانی لە ئاسەوارەکانی ڕزگاری نابێت.

پیـــاوان چـــۆن ڕێگـــە دەدەن ئەمـــە بەرامبـــەر ژنـەکانیان، بەرامبـەر کچـەکانیان و خوشـکەکانیان بکرێت؟ خۆ دەبێت تێبگەن کە لـە زۆر ڕێگـەوە (بـە زۆر جـــۆر و شـــێوان) وەزعـــی ژنـــان تێکـــدەدەن! پێویستە بەرامبەر ئەمە شتێك بکەین!

لـــە کاتێکـــدا بێداردەبمـــەوە و بـــیری لـــیٚ دەکەمـەوە، کـە لەسـەر جێگـەی خـەوتن خەریکـە خەو دەمباتـەوە بیری لیٚ دەکەمەوە و بە ڕۆژیـش گریـە و ناڵەمـە! خـۆ پێویسـتە یـان دەبێـت (ۆرلـد ڤیشـــن- World Vision) یـــان ڕێکخراوێکـــی هاوچەشـــن بتوانێـــت یارمـــەتی بڵاوکردنـــەوەی زانیاری بدات لە بارەی چۆنێتی پێکەوەژیان و ژن و مێردایـــەتی و فێریـــان بکـــات کـــە چـــۆن بـــە شێوەیەکی باشتر، ژن و پیـاو، ژیـان بەرنـە سـەر، (هەروەك لە سەرەتادا مەبەست بووە)، وە کـە ژنـان کـاتی لـەدایکبوونیان هەنـدێك ئەنـدامیان هەیـە، هـــەروەك پیـــاوان هەیانـــە، مەبەســـتی پشـــتەوەی چاکەیە!].

یەکێکی تریان دەڵێت:

[هەر ئێستا وتارێکم لە بارەی "واریس دیری"یەوە خوێندەوە و هەست دەکەم تێك و پێك شکاوم لە کاتێکدا کە بیردەکەمەوە، کە هێشتا تا ئەم ساتەوەختەش، کیژۆڵە چکۆلەکان ناچارن دووچاری ئەشکەنجەیەکی لەو جۆرە و پەل و پۆکردن° ببنەوە. بە لامەوە زۆر گرانە باوەڕبهێنم کە هێشتا بەدکارییەکی وا سادییانە ئەنجام دەدرێت. ئەو گیروگرفتانەی کە ژنە خەتەنەکراوەکان ناچارن لەگەڵیاندا بژین لە هەموو ماوەی ژیانیاندا لە ئەنجامی ئەمەدا بە ڕاستی گورچك بڕ و ترسێنەرن. نەریتە یان نا، ئەم تاوانکارییانە بەرامبەر ژنان لە هەموو جیهاندا پێویستە هەر ئێستا کۆتاییان پێ بهێنرێت. ڕێگەم بدە با ئەندامە جسنییەکانی پیاوێك لەت و پەت بکەم و دووبارە پێکیانەوە بدورمەوە، ئەوکات گەرانتی دەدەم کە ئەم نەریتە کۆتایی

---

° مەبەستی ئەوەیە ئەندام بڕین (خەتەنەکردن) هیچی وای لە باڵ بڕین یان لاق قرتاندن جیاواز نییە.

پێدێت[٦]. پیاو چۆن ئارەزوو دەکات لەگەڵ ژنێك سێکس ئەنجام بدات لە کاتێکدا کە دەزانێت هەمیشە ئازارێکی لەبن نەهاتووی هەیە؟ کاتێك ئەم چیرۆکەم خوێندەوە فرمێسك ڕژایە چاوم و نیازیشمە نامە بنووسم بۆ ڕێکخراوی ژنانی (Equality Now) و داوای زانیاری بکەم و بزانم من بە چ جۆرێك دەتوانم یارمەتی و هاوکاری خۆم پێشکەش بکەم].

نامەیەکی تر کە ئاڕاستەی من کرابوو دەڵێت:

[زۆر چیرۆکی غەمئامێز باسکراون و لە ئایندەشدا زۆری تر دەبیستین، بەڵام "واریس"،

---

[٦] نوسەری ئەم نامەیە دیارە ئاگادار نییە کە پیاوانیش خەتەنە دەکرێن، بەڵام جیاوازی هەیە لە نێوان مەبەست و شێوازی خەتەنە کردنەکان. من خۆم هەتا ئێستاش ترس و مەراقی خەتەنەکردنم لە دڵدایە، بەڵام خەتەنەکردنی ژنان مەبەست کۆتایی پێهێنانی چالاکی جنسییانە و تەنیا مافی ئەوەیان دەدرێتێ ، پیاوان بە پێچەوانەوە حاڵەتی چێژبینینیان دەرکەوتووتر دەبێت، بەڵام ئەمەش هەر خراپە.

ناتوانرێت باسی سەراپا کلتوورێك بکرێت کە پڕمەترسیترە لەوەی ئەم پیاوانە بەرامبەر منداڵەکانی خۆیان ئەنجامی دەدەن. گریام و هەست و سۆزم قوڵپی دا کاتێك ئەمەم خوێندەوە. دەمەویت شتێك بکەم بۆئەوەی شتەکان بگۆڕم، بەڵام نازانم کە ئایا مرۆڤێك بە تەنیا دەتوانێت چی بکات!

هەستم بەوە کرد هەناسەیەکی هێوربوونەوەم هەڵکێشا کاتێك ئەم نامانەم خوێندەوە کە پشتگیریی و هاوسۆزیی نیشان دەدەن.

تەنیا دوو نامەی خراپ و پڕ ڕەخنەم پێگەیشت، کە وەك چاوەڕێ دەکرا لە سۆماڵەوە هاتبوون.

چاوپێکەوتنی زۆرترم لەگەڵدا سازدرا ، لە خوێندنگە و دامەزراوە هەرەوەزییەکان لە بارەیەوە وتارم پێشکەش کرد. لە ڕاستیدا لە هەموو شوێنێك کە بمتوانیایە لەسەری بڵاوبکەمەوە.

دووبارە چارەنووس ڕۆڵی خۆی گێڕا. شارەزایەك لە بواری مکیاج و جوانکاریدا لە

فڕۆکـەدا لـە ئـەوروپاوە بـەرە و نیویـۆرك (مـاری کلێـر)ی دەسـتکەوتبوو و چـاوپێکەوتنەکەی منـی خوێندبووەوە. لە کاتی گەشتی فڕینی فڕۆکەکـەدا پیشانی بەڕێوەبەرەکەی خۆی دابوو و گوتبـووی: -"پێویستە ئەمە بخوێنیتەوە!"

بەڕێوەبەرەکـە بـە ڕێکـەوت، "باربـارا والـترز- Barbara Walters"، ببـوو، کـە پێشکەشـکەرێکی بـــەناوبانگی بەرنامەیـــە. دواتـــر باربـــارا بـــۆی گێڕامـــەوە کـە ئەوەنـدە تـوڕە ببـوو نـەیتوانیبوو وتارەکە بە تەواوی بخوێنێتەوە.

ســـەرباری ئـــەوەش پێـــی وابـــوو کـــە ئـــەوە کێشـەیەکە دەبێـت لـە بەرنامەکەیـدا بـاس بکرێـت. بڕیاری دابوو لە بەرنامەکەیدا (٢٠/٢٠)، بیست بە بیست، بەشێك تـەرخان بکات بۆ چیرۆکەکەی من لە بارەی خەتەنەکردنی ئەندامەوە.

(ئیتـــڵ بـــاس ویـــنتروپ) ئـــەو بابەتـــەی ئامـادەکردبوو بـە ناونیشـانی "گەشـتی سـاڕێژ بوونەوە" و خەڵاتیشی وەرگرت.

لــە کاتێکــدا باربــارا چــاوپێکەوتنی لەگــەڵ دەکردم ئارەزووی گریانم دەکرد، چونکە ئەوەنـدە

هەستم بە ڕووتیی خۆم دەکرد. کاتێک چاوپێکەوتنەکەم بۆ گۆڤارەکە سازدا تا ڕادەیەك میانە هەبوو لە نێوان من و خوێنەراندا. تەنیا کەسێك کە پێویست بوو بۆی بگێڕمەوە "لاورا" بوو، ئێمە تەنیا دوو ژن بووین و لە ڕێستورانت دانیشتبووین، بەڵام کاتێک کامێراکە فیلمی دەگرتم بۆ بەرنامەی (٢٠/٢٠)، دەمزانی وێنەی وا نزیکی دەموچاومی دەگرت لە کاتێکدا کە ئەو نهێنیانەم ئاشکرا دەکرد کە لە ماوەی هەموو ژیانمدا پاراستبوومن، وا هەستم دەکرد کە یەکێك بە بڕین شیتەڵم دەکات و ڕۆحم ڕووت دەکاتەوە و جێی دێڵێت.

"گەشتی ساڕێژبوونەوە" هاوینی ساڵی ١٩٩٧ نیشان درا. ماوەیەکی کورت دوای ئەوە ڕێکخەری کارەکانم (ئەجێنتورەکەم) تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی کە لە نەتەوەیەکگرتووەکانەوە "UN" بە شوێنمدا گەڕاون.

کارمەندێکی ناو "UN" بەرنامەکەی ناو "٢٠/٢٠" دیبوو و خوازیار بوو من پەیوەندی پێوە بکەم.

شــتەکان وەرچــەرخانێکی ســەیریان بــەخۆوە دیبـــوو. ســـــندووقی دانیشـــتووان (فۆنـــدی دانیشتوان)ی نەتەوەیەکگرتووەکان خوازیار بوون لـــە خەباتیانـــدا دژی ئەنـــدام بڕینـــی ژنـــان هاریکارییان بکەم.

لـە ئەنجامـدانی کارەکەیانـدا لەگـەڵ (WHO)دا (ئامـار)ێکـی ترسـێنەریان لـە بـارەی پشـکنینی کێشـەکەوە بەدەسـت هێنـابوو. کاتێـك ژمارەکـانم بینـی تێگەیشـتم کـە ئـەوە بـە تـەنیا کێشـەی مـن نییـە. خەتەنـەکردنی ژنـان یـان وەکـو ئـەمڕۆ بـە (ئەندام قرتاندن) ناودەبرێت، نەریتێکی باڵادەستە لە (٢٨) بیست و هەشت وڵاتـی ئەفـەریقادا. "UN" هەڵیسەنگاندووە کە (١٣٠) سەد و سی ملیۆن ژن و کیژۆڵە خەتەنە کراون[٧].

هـەموو سـاڵێك بـە لایـەنی کەمـەوە دوو ملیـۆن کیژۆڵە مەترسی ئەوەیان لێدەکرێت ببنـە قوربـانی چاوەڕوانکراو، واتە لە هـەر ڕۆژێکدا شـەش هـەزار

---

[٧] بێگومـان ئـەم ئامـارە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ١٩٩٧/ ١٩٩٨ (وەرگێڕی کوردی).

کیژۆڵــه. نەشــتەرگەرییەکە هەمیشــە لــە ژێــر هەلومــەرجێکی دواکــەوتووی ناتەندروســتدا لــە لایــەن (مامــان) یــان پیرەژنێکــی گونــدەوە ئــەنجام دەدرێت. بـە هـیچ جۆرێـك بـەنج بـەکارناهێنن. بە هــەموو جــۆرە ئامرازێــك کــە لەبەردەســتیاندایە کیژۆڵــەکان لــەت دەکــەت (دەبــڕن)[٨]. وەکــو بــە گوێزان، چەقۆ، مقەست، شوشـەی شکاو (پارچـە شوشـە)، بـەردی تیـژ-وە لـە هەنـدێك شـوێن- بـە ددانەکانیان. ڕادەی یان بارستایی لێ بڕینەکە بە پێــی پێگــەی جوگرافیــایی و نــەریتی کلتــوریی دەگۆڕێــت و جۆراوجــۆرە. کــەمترین زیــان و لەدەســتدان ئــەو جۆرەیــان لــێ دەکەوێتــەوە کــە قیتکـە (کلیتـوریس)ی لادەبـەن، ئەمـەش ڕێگـە لـە کیژۆڵەکە دەکرێت کە جارێك لـە جاران تـام یـان چێژ لە سێکس ببینێت. لـە ناوچەکانی تـر، وەکو

---

[٨] بێگومان ئامراز دەلالەتێکی مەدەنیانەی هەیە، باشتر وایە ناوێکی لێ بنێین کە دەلالـەتێکی خراپـی هـەبێ. چونکە گوێزانـە کۆن، چـەقۆی کول و شـتی وا ئـامراز نین. (وەرگێڕ).

چــۆن ۹۰٪ ســەدی نــەوەدی ژنــە ســۆماڵیەکان دووچـــاری دەکـــرێن، هەڵکۆڵینـــە، واتـــە (infibulation). من بەم شێوازەیان خەتەنە کراوم. هەڵکۆڵین ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی حاڵەتی شۆك، هەوکردن (التهاب) و زەرەرگەیاندن بە بۆری میز و کونی پاشەڵ (ئەناڵ). جێ برین لە دوای خۆی جێ دێڵێت، ژەهراوی بوونی خوێن، ئیفلیجی (التهاب المثانة) و میزەڵدان برینداربوون. هیڤ (واتـە ئەیـدز) و هێپاتیـت "B" لـەم جـۆرە خەتەنەکردنە دەکەونەوە.

ئەو ئاڵۆزکاری و کێشانەی کە بۆ هەمیشە بەردەوام دەبن هەوکردنی بۆری میز و حەوزە، کە بۆی هەیە ببێتە هۆی نەزۆکی، شێرپەنجە، کێم و جەراعەت تێزان لە نزیك کونەکە، دەمار ئازار پێگەیشتن، ناڕەحەتی زۆر لە هەڵدان و تورِدانی ئـاودا (واتـە میزکـردن)، ژانـی عـادەبوون، کۆبوونـەوەو مـۆڵ خـواردنی خـوێنی عـادە لـە ڕەحمدا، نەزۆکی، غەم و خەمۆکی و مردنیش.

ئەوەندە ئازارم دەدات کە بیر لەوە دەکەمەوە، کـە دوو ملیـۆن کیژۆڵـەی تـریش ئەمسـاڵ ناچـار

دەکرێن بەم تاقیکردنەوە تاڵەدا گوزەر بکەن. واشم لێدەکات بگەمە ئەو باوەڕەی کە بۆ هەر ڕۆژێك ئەم ئەشکەنجەدانە بەردەوام دەبێت ژنی تورەی وەکو من دروست دەبێت، کە هەرگیز ناتوانن بگەڕێنەوە بەرەو دواوە و ئەوەی لێیان زەوت کراوە بە دەستی بهێننەوە.

ڕاستی ئەوەیە، ژمارەی ئەو کیژۆڵانەی کە خەفە دەکرێن (دەبڕدرێن) لە بری ئەوەی کەم بکات زیاد دەکات. ئەو ژمارە زۆرەی خەڵکی ئەفەریقا کە بەرەو ئەوروپا و ئەمەریکا کۆچیان کردووە، نەریتەکەیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە. ناوەندی فیدراڵی بۆ کۆنترۆڵکردنی نەخۆشی و ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی Federal Centers for Disease and Prevention خەمڵانوویەتی کە نزیکەی (٢٧٠٠٠) بیست و حەوت هەزار ژن لە ولایەتی (نیویورك) ئەو پرۆسەیەیان بۆ ئەنجام دراوە یان بەڕێوەن بۆیان ئەنجام بدرێت. لەبەرئەمە زۆر ولایەت سەرقاڵی دانانی یاسایە لە دژی خەتەنەکردن "خەفەکردنی ئەندامی جنس"ی ژنان. یاساناسان پێیان وایە پێویست

دەکات یاسای تایبەتی دەربکرێت بۆ پاراستنی ئەو منداڵانەی مەترسی دەکرێت دووچاری ئەو پرۆسەیە بکرێن، ئەگینا دواتر خێزانەکانیان ئەوە دەکەن بە بیانوو کە ئەوە "مافی ئایینی" خۆیانە کیژۆڵەکانیان خەفە بکەن. زۆربەی کات خەڵکە ئەفەریقییەکە پارە کۆدەکەنەوە بۆئەوەی کەسێکی وەکو ژنە قەرەچییەکە بە فڕۆکە لە ئەفەریقاوە بهێنن بۆ ئەمەریکا بۆئەوەی خەتەنەکردنەکان ئەنجام بدات. ئەو بە یەکجار پۆلێکی گەورە لە کیژۆڵەی چکۆلە خەتەنە دەکات.

گەر نەیانتوانی مەسەلەکە بەو شێوەیە چارەسەر بکەن (!) ئەوا خۆیان ئەنجامی دەدەن. لە نیویۆرك پیاوێك دەنگی ستێریۆکەی بەرزکردۆتەوە بۆئەوەی دراوسێکان گوێیان لە قیژەی منداڵەکەی نەبێت. دوای ئەوە بە چەقۆیەکی گۆشت بڕین ئەندامەکانی کیژۆڵەکەی خۆی بڕیوە.

بە شانازییەوە داواکەی (UN)م قبووڵ کرد کە ببمە سەفیری گودویڵ (خۆبەخش) و ببمە هاوخەباتیان. یەکێك لە گەورەترین ئیمتیازاتەکان

کـه دەسـتم کـەوتووە ڕەخسـانی هـەلی کارکردنمـە لەگـەڵ دکتـۆر نـەفیس سـادق "Nafis Sadik" کـە بەڕێوەبـــەری هەڵســـوڕێنەری (ســـندوقی دانیشتوان)ە لە "UN". ئەو یەکێك بوو لە یەکەمین ژنـــەکان کـــە خـــەباتی دەســـت پێکـــرد لـــە دژی خەتەنەکردنی ژنان، کاتێك کە لە ساڵی ١٩٩٤دا لە قاهیرە هاوشـان لەگـەڵ کۆنفرانسـی نێونەتـەوەیی سندووقی دانیشتواندا مەسەلەکەی خستەڕوو.

لە ماوەیەکی نزیکدا سەردانی ئەفەریقا دەکەم بۆئـەوەی یارمـەتی "UN" بـدەم لـە خەباتیانـدا لـە دژی خەتەنەکردن، ئەویش بە گـەڕان و باسـکردنی چیرۆکەکەی خۆم بۆ خەڵکی.

مـاوەی زۆرتـر لـە چـوارهەزار سـاڵە لـە کلتـورە جیاوازەکـانی ئەفـەریقادا ژنـان خەفـە دەکـرێن. لەبەرئـەوەی لـە وڵاتـە موسڵمانەکاندا تـا ڕادەیـەك هەموو ژنان خەتەنـە دەکرێن (؟!)، زۆر کـەس پێـی وایـــە کـــە قورئـــان داوای ئـــەوە دەکـــات. بـــەڵام مەسەلەکە بەو شێوەیە نییە. نە لە (قورئان)دا و نە لـە (ئینجیـل)دا شـتێك نـەوتراوە کـە دەبێـت ژنـان بـبڕدرێن بۆئـەوەی خـوا ڕازی بکرێـت، ئەمـە تـەنیا

لەبەرئەوەیە کە پیاوان داوای ئەوە دەکەن، پیاوانی خۆپەرست و نەفام، لەبەرئەوەی دەیانەوێت دڵنیابن لەوەی کە مافی خاوەندارێتی سێکسوالیتێتی ژنەکانیان تەنیا بۆ ئەوان بۆ خۆیانە. ئەوان داوا دەکەن ژنەکانیان خەتەنە کرابێتن.

ژنان ئامادەیی نیشان دەدەن و ڕێگە دەدەن کچەکانیان خەتەنە بکرێت، چونکە دەترسن گەر وا نەکەن کچەکانیان نەتوانن شوو بکەن. ژنێك کە خەتەنە نەکرابێت وەکو پیس و جنسیی سەیر دەکرێت و ناتوانرێت بە شوو بدرێت. لە کلتورێکی کۆچەریدا، وەکو ئەوەی من تیایدا گەورە بووم جێگەی ئافرەتێك نابێتەوە کە شوی نەکردبێت (قەیرە بێت)، بۆیە دایکەکان بە ئەرکی سەرشانی خۆیانی دەزانن کە ئەوەی باشە (!) بۆ کچەکانیانی بکەن، بە هەمان شێوەی کە خێزانێکی خۆرئاوایی پێی وایە کە ئەرکی سەرشانێتی کچەکەیان بنێرنە باشترین خوێندنگە. بێجگە لە نەفامی و باوەڕی پووچ هیچ هۆیەکی تر بوونی نییە کە ملیۆنان کیژۆڵە ساڵانە

خەتەنە دەکرێن. ئەو ئازار و موعانات و حاڵەتی مردنانەی بە دوی خەتەنەکردنەکاندا سەرهەڵدەدەن هۆکاری زۆر گەورەن کە هەوڵبدەین کۆتایی بەو بەدکارییە بهێنرێت.

کارکردنم بۆ "UN" خەونێك بووە کە هاتۆتە دی، شتێك بووە کە هەرگیز نەموێراوە خەوی پێوە ببینم. هەرچەند لە ماوەی گەورەبوونمدا هەمیشە هەستم بەوە کردووە کە جیاوازم لە خێزانەکەم و لە کۆچەرییەکانی تر کەچی نەمتوانیوە پەی بە ئایندەیەك ببەم تیایدا وەکو سەفیر کار بۆ ڕێکخراوێك بکەم کە کۆشش دەکات و کار بۆئەوە دەکات گیروگرفت و کێشە جیهانیەکان چارەسەر بکات. "UN" لە ئاستی نێونەتەوەییدا وەکو ئەو دایکە وایە کە لە ئاستی خێزاندا هەوڵ دەدات دەنگ و پاڵپشت ببەخشێت بەوانەی پێویستیانە. پێموایە تاکە شتێك کە ئاماژەیەك بێت بۆئەو ڕۆڵەی دواتر لە "UN"دا بینیم ئەوە بێت کە هاوڕێکانم هەمیشە بە دایە (Mama) بانگیان دەکردم، بەوە تورەیان دەکردم

**کـە هەمیشـە دەمویسـت وەکـو دایکێك بم بۆیـان و ئاگام لێیان بێت.**

**زۆر لـەم هاوڕێیانـەم پـەژارەیان دەربڕیـوە کـە لەوانەیـــە کەســـێکی ئـــاییینی تونـــدڕەو لـــە گەڕانەوەیەکمدا بۆ ئەفەریقا بمکوژێت! بـەڵام مـن قسەی خۆم لەسەر تاوانێك دەکەم کە لە لایـەن زۆر کەسی توندڕەوەوە وەکوو نەریتێکی پیرۆز سـەیر دەکرێت. لەو باوەڕەدام کە ئەرکەکـەم پڕ مەترسی دەبێـت و دانـیش بـەوەدا دەنـێم کـە دەترسـم، بـە تایبــەتی ئێســتا کــە کــوڕێکی بچــکۆلەم هەیــە پـەروەردەی بکـەم، بـەڵام بـاوەڕم پـێم دەڵێـت کـە دەبێت بەهێزبم، وە خـوا بـە درێـژایی ئـەم ڕێگەیـە یارمەتی داوم لەبەر ئەم هۆکارە تایبەتییە. من لـەو بـاوەڕەدام کـە خـوا زۆر پـێش ئـەوەی لـە دایـك بم ڕۆژی مردنمــی بڕیــار داوە، وە بــە هــیچ جۆرێــك ناتوانم ڕێگە لەوە بگرم.**

**لەو ماوەیەشدا کە دەژیم هیچ هەلێك لە دەست نادەم، لە هەموو ژیانیشمدا هەر وام کردووە.**

**چاپی سویدی: ١٩٩٩ لە لایەن (Bra Bocker)ەوە**

**ناونیشانی بە ئینگلیزی:**

**Desert Flower**

**ناونیشانی بە سویدی:**

**گوڵێك لە بیابانی ئافریقادا**